

# ڕەمەزانی پیرۆز
# وێستگەیەک بۆ ناخگۆڕی

ڕەمەزان، ئەو میوانە پیرۆزەیە کە ساڵانە جارێك بە خزمەتی شاد دەبین، خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەین، بۆ ئەوەی ببێتە وێستگەیەك بۆ بەخۆداچوونەوە و لاپەڕەی گوناح و تاوانەکانمان و سڕینەوەی سەرپێچییەکانمان، وەك گەرماوێکی ساڵانە کە لە هەموو خراپەکانی یازدە مانگی ڕابردوو پاکمان دەکاتەوە.

پێویستە کە بیکەینە بۆنەیەك بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕابردوومان بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانمان چارەسەر بکەین، گوڕانکاری تەواو لە هەڵسوکەوتمان بکەین، لە ناخەوە گوڕانکاری بکەین، نەك بیکەینە بۆنەیەك بۆ ژەمگۆڕی و خەوگۆڕی.

ڕەمەزان بۆ ئەوەیە کە بچینە ریزی فریشتەکان کە خواردن و خواردنەوەیان نییە، کەچی هەندێکمان دەیکەینە بۆنەیەك بۆ ئیسراف و زێدەڕۆیی لە ڕازاندنەوەی سفرە و خوانی بەربانگ و پاشیوان. ڕەمەزان بۆنەیەکە بۆ هێوربوونەوە و لێبووردەیی، کەچی هەندێك لە ڕەمەزان تووڕەیی و هەڵچوونیان دەگاتە لوتکە و لەسەر کەمترین شت پەلاماری خەڵکی دەدەن (بە دەست و زمان)، بە بیانووی ئەوەی کە برسییەتی و تێنوویەتی تاقەتی لێ بڕیون!

ڕەمەزان بۆ ئەوەیە کە خەڵکی لە دەست و چاو و زمانمان سەلامەت بن، کەچی هەندێك دەیکەنە ساتێك بۆ باسکردنی یەکتر و کات بردنەسەر بە هەژمارکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی خەڵك!

ڕەمەزان بۆ ئەوەیە شەوانی بۆ خواپەرستی بێت و خەڵك لە ماڵەکانی خوا کۆببنەوە، بۆ ئەنجامدانی نوێژ و قورئان خوێندن وگوێڕاگرتن لە وانە و ئامۆژگاریی چاك و سەردانی خزم و کەسان، کەچی هەندێکمان شەوانی ڕەمەزان دەکەینە بۆنەیەك بۆ بازاڕکردن و یاریکردن، و کات بەفیڕۆدان بە شتی بێسوود!

ڕەمەزان بۆ ئەوەیە کە ڕەحم و بەزەییمان زیاترە بێت و دڵمان نەرم بێت بەرامبەر بە هەژار و نەدار،





د. مەلا مادح مەلا محمد بەرزیوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

کەچی هەندێك لە بازرگانان دەیکەنە بۆنەیەك بۆ چەوساندنەوەی خەڵك و دەرفەتێك بۆ قازانجی ناشەرعی بە گرانکردنی نرخ و فرۆشتنی کاڵای کۆنی کەڵەکە بوو!

رەمەزان تەنیا خۆبرسیکردن و خۆتێنووکردن نییە. خودای دلۆڤان نایەوێت سزامان بدات، بەڵکۆ زۆر پەند و وانەی بەسوود هەن لەم کارە پیرۆزە. پێغەمبەری خۆشەویستمان (دروودی خوای لە سەر بێت)، دەفەرموێت: «هەرکەس واز لە قسەی ناڕاست و کردەوەی ناڕاست نەهێنێ، خوای گەورە ئیشی بە برسییەتی و تێنوویەتی ئەو کەسە نییە.»

ئەگەر لەم مانگەدا لە ناخەوە گۆڕانکاریمان بەسەر نەهات، واتا سوودمان نەبینی لە حیکمەت و فەلسەفەی رەمەزان، پێغەمبەرمان (درودی خوای لە سەر بێت)، دەفەرموێت: «الصیام جنة» ـ بضم المیم ـ واتا بەرۆژووبوون پارێزەرە لە هەموو خراپییەك، شوورەیەکی پۆڵایینە کە لە ئافاتی هەوا و هەوەس دەمانپارێزێت. بۆیە مرۆڤی بەڕۆژوبوو هەرگیز پەلاماری کەس نادات، بەڵکو ئەگەر کەسێك بەرامبەری رەفتاری ناشیاو بکات، وەڵامی مرۆڤی بەڕۆژووبوو بۆ بەرامبەرەکەی ئەوەیە کە پێی بڵێ: من بەڕۆژووم.

تاوانەکانی مرۆڤ بەگشتی دوو جۆرن، هەندێکیان بە جەستە ئەنجام دەدرێن، وەك دزین و بوختان و کوشتن، وداگیرکردنی ماڵی خەڵك و.. تد، هەندێکیشیان بە ناخ و دەروون ئەنجام دەدەرێن، وەك حەسوودی، رقبوون لە خەڵك، خۆ بە زل زانین و نیفاق و...تد، ئینجا بۆ ئەوەی لە هەردوو جۆرە تاوانەکان دوور بین، ئەوا رەمەزان قوتابخایەکە کە فێرمان دەکات چۆن خۆمان بە پاکی رابگرین و دوور بکەوینەوە لە هەموو شتێکی وا کە زیان بە دین و مرۆڤایەتیمان بگەیێنێت، واتا بەڕاستی رەمەزانی پیرۆز وێستگەیەکە بۆ بەخۆداچوونەوەو گوڕانکاریی راستەقینە لە ناخ و دەروونمان. بۆیە دەڵێین: یاخوا بەخێر بێیت مانگی رەمەزان.



# تێپەڕاندنی قەیرانەکان و بووژانەوەی ئابووری و هەڵکشانی جووڵەی بازاڕ

## بەرهەمی سیاسەت و ستراتیژیەتی نەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە



**نێچیرڤان بارزانی لەسەر بنەمای سیاسەتێکی نەرم و ئارامگر، دەرگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ حکومەتی بەغدا کردەوە و توانی گەمارۆی ئاسمانی لەسەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان هەڵبگرێت و جارێکی دیکە دەروازەی ئاسمانی بە رووی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە و سەردانی شاندی دەوڵەتان بۆ کوردستان دەستی پێکردەوە**

**نێچیرڤان بارزانی توانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی (ئێران و تورکیا) ئاسایی بکاتەوە و دوای ئەوەی لە تورکیا سەردانی فەرەنسای کرد، ئەمجارەیان لەبەغداوە سەردانی تارانی کرد**

**نێچیرڤان بارزانی پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق راگەیاند و بەمەش توانی یەکەم دەرگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکاتەوە و لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرۆک ئەمانوئێل ماکرۆن لە کۆشکی ئەلیزی وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە پێشوازی لێکرا**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە بە بڕیاری تاکەکەسیی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بڕدراو، لەناکاو هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی ئابووری بووەوە.

لەناو ئەم قەیرانە ئابوورییە گەورەیەدا، چەندین رووداوی بەدوادا هاتن کە هێندەی دیکە قەیرانە ئابوورییەکەی گەورەتر کرد و باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو هەڵاوسانێکی گەورە برد، ئەو رووداوانەش بریتی بوون لە:

١- دابەزینی نرخی نەوت بە شێوەیەکی هێجگار گەورە کە بۆ یەکەمین جار بوو لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە ئەو دابەزینە گەورەیە بەخۆیەوە ببینێت و نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ نزیکەی ٢٠ دۆلار بێتە خوارەوە.

٢- داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعش و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و، هاتنی ئاوارەیەکی زۆری ناوچەکانی ناوچەکانی عەرەبی سوننەی عێراق و کوردی سووریا بۆ هەرێمی کوردستان.

٣- هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ژینۆسایدکردنی کوردانی ئێزدی، بەمەش بەرەیەکی شەڕی سەربازی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش دروست بوو کە زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بوو، هاوکات لەگەڵ هێرشی تیرۆریستانی داعشیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر زیاتر ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، کە بەپێی ئاماری رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەماوەی تەنیا دوو مانگدا هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە کردبوو، بەمەش رێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەماوەی دوومانگ و بە شێوەیەکی زۆر کتوپڕ بە رێژەی ٣٠٪ زیادی کرد.

دیارە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٩ی نیسانی ٢٠١٤ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێدا و نێچیرڤان بارزانی وەك کاندیدی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان راسپارد، راستە ئەو کات کێشەی سەرەکیی کوردستان لەگەڵ بەغدا تەنیا کێشەی بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان بوو لە بودجەی عێراق لەلایەن حکومەتی نوری مالیکییەوە، بەڵام هێشتا کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی لەلایەن پەرلەمانەوە پێنەدرابوو کە موسڵ داگیرکراو داعش خەلافەتی راگەیاندو شەڕێکی گەورە بەرۆکی کوردستانی گرت و ئاوارەیەکی زۆریش رووی لە هەرێمی کوردستان کرد.

دیارە فاکتەری سەرەکی کە بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوسەنگیی تێکنەچێت و بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختە بکات، رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی بوو، کە لەگەڵ دەستپێکی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر کوردستان، کۆشکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بەجێهێشت و جارێکی دیکە بە تەمەنی ٧٠ساڵییەوە چووەوە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و سەرکردایەتی ئەو شەڕە گەورەیەی کرد، کە بێگومان ئەو شەڕە لە سەرەتادا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕێکی تازە بوو، هێزی پێشمەرگە ئەزموونی شەڕی تیرۆریستانی نەبوو، بەڵام بە دروستکردنی هەماهەنگییەکی پتەو لە نێوان ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا، سەرۆك بارزانی توانی ئاراستەی شەڕەکە بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە بەرێت، ئەمەش نەك هەر لە بەرەکانی باشوری کوردستانەوە، بەڵکو بەناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و ئازادکردنەوەی کۆبانێ، ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان بەتاڵ کردەوە .

ئەم رۆڵەی سەرۆك بارزانی بۆ سەرکردایەتیکردنی راستەوخۆی بەرەکانی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، بووە کۆڵەگەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی نێچیرڤان بارزانی بتوانێت بە کارامەیی و لێهاتوویی بەشێوەیەکی ئەوتۆ کابینەی هەشتەم ئاراستە بکات کە ئیدارەی کۆی قەیران و کێشەکان بکات.

دیاره ئەزموونی نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێكی لێهاتوو بۆ كاری پێكەوەیی لەنێوان حزبە سیاسییەكان و دروستكردنی ژینگەیەكی لەبار بۆ هەڵسووڕاندنی كۆی دامەزراوەكانی حكومەت پێكەوە، پێشینەیەكی سەركەوتووی هەیە. نێچیرڤان بارزانی یەكەمین سەركردە و دەوڵەتمەداری كوردستانە كە توانی بۆ یەكەمین جار سەرۆكایەتی حكومەتێكی هاوبەشی پارتی و یەكێتی بە سەركەوتوویی لە كابینەی پێنجەمدا بكات، ئەم سەركەوتنەی نێچیرڤان بارزانی لە كابینەی پێنجەمدا، جیا لەوەی بووە بەردی بناخەی كاری هاوبەشی پارتی و یەكێتی و حزبەكانی دیكەش لەناو یەك حكومەتدا، لەهەمان كاتدا بووە جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانی تەواوی ناوەندەكانی جیهان و، هەرێمی كوردستان بووژانەوەیەكی ئەوتۆی بەخۆیەوە بینی كە لە هەموو جیهاندا بە «عێراقەكەی دیكە» ناویان دەبرد، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوە بوو كە لە ساڵی ٢٠٠٧ زانكۆی واشنتۆن جیفرسۆن دكتۆرای فەخری بە نێچیرڤان بارزانی بەخشی و، جێگەی ئاماژە پێكردنە لە مێژووی ئەم زانكۆیەدا ئەوە یەكەمین جار بوو كە ئەو دكتۆرا فەخرییە بدرێتە كەسێك كە هاونیشتمانی ئەمریكا نەبێت.

بێگومان سەرۆكایەتیكردنی كابینەی هەشتەمی حكومەت، ئەزموونێكی قورستر بوو لە كابینەی پێنجەم بۆ نێچیرڤان بارزانی، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو جیا لەوەی كابینەی هەشتەم لە پێنج حزبی سەرەكیی ناتەبا (گۆڕان و یەكێتی و كۆمەڵ و یەكگرتوو و پارتی) پێكهاتبوو، لە هەمانكاتدا لە كابینەی پێنجەمدا هیچ كام لە قەیرانەكانی ئابووری و شەڕێكی گەورەی وەك شەڕی دژی داعش بوونی نەبوو، بەڵام ئەمجارەشیان نێچیرڤان بارزانی لە ژێر چەتری سەرۆك مسعود بارزانی، توانی بەشێوەیەك سەرۆكایەتی كابینەی هەشتەم بكات كە هێزێكی سەرسووڕهێنەری ئەوتۆ لەو پێنج حزبە ناتەبایە دروست بكات كە نەك هەر توانی ئیدارەی هەموو قەیرانەكان بكات و خەرجییەكانی شەڕێكی گەورەی جیهانی وەك شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دابین بكات، لە هەمانكاتدا وێنەیەكی بۆ كوردستانێكی فرە ئایین و نەتەوە و ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز، دروستكرد، كە هەموو جیهان كوردستان وەك نیشتمانی حوكمڕانیی باش و پێكەوەژیان و لێبووردەیی سەیر بكەن و، بە شانازییەوە گوێ لە شاندەكانی كوردستان بگرن كە پێكەوە بە یەكگرتوویی باسیان لە مافی بڕیاردانی چارەنووس دەكرد.

لێرەوە ئەگەر سەیری سەرۆكایەتیی نیچیرڤان بارزانی لە كابینەی هەشتەمدا بكەین، دەبینین لە ماوەی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١٤ هەتا سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١٥، كوردستان توانیویەتی ئەم دەستكەوتە سەرسووڕهێنەرانە بەدەست بهێنێت:

١- كابینەی هەشتەم یەكەمین حكومەت بووە لە مێژووی عێراق و كوردستاندا كە بێ بوونی بودجە كارەكانی خۆی لەناو قەیرانی شەڕ و دارایی بە سەركەوتوویی بەڕێوەبردووە.

٢- لەگەڵ ئەوەی كابینەی هەشتەم، حكومەتی هەرێمێك بوو لەناو دەوڵەتێكی بەناو فیدراڵی و مامەڵەی حكومەتی دەوڵەتێكی سەربەخۆی لەگەڵ نەدەكرا، بەڵام لۆژیك و لێهاتوویی و دەوڵەتمەداریی نێچیرڤان بارزانی بووە هۆكاری ئەوەی نەوتی كوردستان بۆ یەكەمین جار لە مێژوودا بە ڕێگەی بۆری هەناردەی دەرەوە بكرێت و بە كۆمپانیاكانی جیهان بفرۆشرێت، ئەم هەنگاوەش بینیمان چۆن لەلایەن بەغداوە ڕێگری لێدەكرا و ئاستەنگی بۆ دروست دەكرا.

٣- لە ماوەی ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥) راستە دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش لە رووی چەك و مەشق و راهێنانەوە هاوكاریی هێزی پێشمەرگەی كوردستانیان كردووە، بەڵام هیچ كام لەو دەوڵەتانە بە ئەمریكاشەوە، بە یەك دۆلار بۆ مووچەی پێشمەرگە هاوكاریی هەرێمی كوردستانیان نەكردووە، بەڵام شێوازی هەڵسووڕاندنی حكومەت لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، توانی لە ماوەی ئەو یەك ساڵەدا ١٠ مووچەی تەواو (بەبێ پاشەكەوت) بۆ هەموو هێزی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی كوردستان دابین بكات، كە بەشێكی زۆری ئەم مووچەیە بە ڕێگەی پێدانی قەرز بە حكومەتی هەرێمی كوردستان دابینكرابوو.

٤- هەر لەماوەی ئەو ساڵەدا سەرۆك بارزانی

**بەهۆی ئەو كارەساتەی لە ئاكامی ئەو خیانەتە بەسەر هەرێمی كوردستان هاتبوو، خەڵک بەشێوەیەكی گشتی جۆرێک لە بێ ئومێدییان لا دروست بوو، سەرباری ئەمانەش میدیاكانی دەڤەری زۆنی هەمەڕەنگ هەر هەموویان بە میدیاكانی یەكێتی نیشتمانیشەوە وەک ماكینەیەک بۆ رووخاندن و هەڵوەشانەوەی هەرێمی كوردستان خرابوونەگەڕ**

**بارودۆخی سیاسیی كوردستان بە جۆرێک ئاڵۆز بوو كە بواری بۆ دیالۆگی سیاسی نەهێشتبووەو، خۆپیشاندانی فەرمانبەران گۆڕابوو بۆ ئاژاوەگێڕی و بانگەشەكردن بۆ جیاكردنەوەی سلێمانی لە كوردستان**

**بە داگیركردنەوەی كەركووک، حكومەتی عێراق نەوتی كەركووكی لە هەرێمی كورستان بڕی كە شادەماری ئابووری هەرێمی كوردستان بوو، ئەمەش واتە حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرچاوەیەكی زۆر كەمی داهاتی لەبەر دەست مایەوە بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی فەرمانبەران دابین بكات**



داوای لە ئیدارەی ئۆباما کرد، هەتا پارتی و یەکێتی لە لیستی رەشی حکومەتی ئەمریکا دەرنەهێنرێن، سەردانی ئەمریکا ناکات، لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی ئەمریکا پارتی و یەکێتی لە لیستی رەش دەرهێنا.

٥- هەر لەماوەی ئەو ساڵەدا پەرلەمانی ئەوروپا بە فەرمی داوەتی مسرور بارزانی راوێژکاری ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەوەی لەسەر شێوازی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسێك پێشکەش بکات، پاشانیش پێشوازیان لە شاندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و لەمەش زیاتر بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا سەرۆکی فەرەنسا خۆی هاتە کوردستان و دواتریش لە کۆشکی ئەلیزی پێشوازی لە شاندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

٦- هەر لەماوەی ئەو ساڵەدا شاندی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی و ئەندامیەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت لە لیستی یەکێتی و دەرباز کۆسرەت رەسوڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە لیستی یەکێتی و مستەفا سەید قادر لە لیستی گۆڕان، سەردانی (کۆشکی سپی)یان کرد و لەلایەن سەرۆك ئۆباما و جوزیف بایدن-ی جێگری سەرۆك و بەشی زۆری ستافی ئیدارەی ئۆباما کۆبوونەوە و بە راشکاوی باسیان لە زەرووەرتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کردووە، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ئیدارەی ئەمریکا بە شاندی کوردستانیان راگەیاندووە کە ئێمە دژی سەربەخۆیی کوردستان نین، بەڵام لەکوردستان با حزبە سیاسییەکان ژوورێکی عەمەلیات بۆ ئەم پرۆسەیە دروست بکەن و نەخشە رێگە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووتان دابڕێژن.

بەڵام مخابن گەیشتن بەم لوتکەی سەرکەوتنانە لەناو ئەو هەموو قەیرانە ئابوورییە و ئەو شەڕە گەورە خوێناوییەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش ئەنجامیدا. هەوڵێکی زۆر خراپ خرایەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان پەکی بخرێت و کابینەی هەشتەم لە سەرکەوتنەکانی رابگرن، بەڵام وێڕای ئەوەی لەدوای ئەم بەروارەوە

**بە درێژایی مێژووی پارتی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، هەمیشە پارتی لە رووبەڕووبوونەوەی کێشە گەورە چارەنووسسازەکاندا، بە لۆژیکی دووربینانە مامەڵەی کردووە و هەتا پێی کرابێت، رێگەی نەداوە خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، کە لەم هەنگاوەشدا سەرکەوتوو بوویێت، ئەوجا زانیویەتی چۆن وەڵامی داگیرکەرانی کوردستان دەداتەوە**

**ئامانجێکی دیکەی تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەوە بوو، ئەگەر پارتی نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات و لە ئاکامی ئەو خیانەتە پەنای بۆ چەک برد دژی تاقمی خیانەتکار، ئەوا ئەو تاقمە وایان دانابوو بە هاوکاریی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بە پێش لەشکری بۆ حەشدی شەعبی شەڕێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ پارتی بکەن و بە حیسابی خۆیان پارتی لەناو بەرن و جادەکە بۆ خۆیان تەخت بێت**



**ئەگەر تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەو ژینگە ئاڵۆزەی سلێمانی دڵنیا نەبوونایە کە خیانەتەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە پەسند دەکرێت، نەیاندەتوانی ئەوا بێ باکانە پەنا بۆ خیانەتێکی لەوجۆرە بەرن و بەو سانایيە ئەو خیانەتە گەورەیە بکەن و کەرکووک تەسلیمی حەشدی شەعبی و فەیلەقی قودس بکەن**

**بەداخەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە ئاکامی ئەو خیانەتەی تاقمێک لەناو یەکێتی کردیان و کەرکووکیان تەسلیمی هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد، هەوڵیاندا نەک هەر تەنیا کابینەی هەشتەم بڕووخێنن بەڵکو هەوڵیاندا قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان بسڕنەوە**

**لەماوەی ئەو دوو ساڵەی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت دوور خرایەوە، کابینەی هەشتەم توانی لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان بکات و پارەی پترۆدۆلاری پارێزگای کەرکووکیش بدات، هەروەها توانی بە هاوکاریی بانکی نێودەوڵەتی ژێرخانی ئابووریی کوردستان ڕێکبخاتەوە، بەرواری هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات**

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی ناوخۆیی ترسناکی بۆ دروستکرا، هێشتا لەسەر پێی خۆی راوەستاوە و لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی وەك نوێنەری شەرعیی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**● کابینەی هەشتەم وەك ئەسپە شێ لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان جەنگاوە و بازی بەسەردا داون**

دوای بەڕێکردنی ساڵێکی زۆر سەرکەوتووی کابینەی هەشتەم بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی و دەرکەوتنی ئاسۆیەکی گەش بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و خۆئامادەکردن بۆ دانانی پلانێکی گەورە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و هەنگاوهەڵگرتن بۆ چۆنیەتی پێکەوە کارکردن بە ئامانجی دەستکردن بە وتووێژێکی راشکاوانەی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوەی ئەگەر کرا کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت و، ئەگەر نەکرا، بیر لەوە بکرێتەوە کوردستان و عێراق ببنە دوو دراوسێی باشی یەکتری. لەم ساتەوەختە مێژووییە گرنگە چارەنووسسازەی بۆ کوردستان هاتبووە پێشەوە، خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان پیلانی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دارِشت و هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستکەوتە سیاسی و دیپلۆماتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ریشەوە هەڵبکێشێت، ئەوجا بۆ ئەوەی پیلانەکەشی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات، بە ئاشکرا رایدەگەیاند بۆ ئەم پرسە (واتە گۆڕینی هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەناو خەڵکەوە بۆ هەڵبژاردنی لەناو پەرلەماندا) هیچ دیالۆگێکی سیاسی لەسەر ناکرێت و دەبێت لەناو پەرلەماندا بە یاسا یەکلایی بکرێتەوە. راشکاوانەتر پیلانەکە ئاشکرا بوو کە ئامانج لێی کودەتایەکە و دەیەوێت بەسەر پارتی و کابینەی هەشتەمدا بیکات، ئەگەرنا لەناو چ هاوپەیمانییەکی سیاسی کە پێکەوە حکومەتێك بەڕێوەبەرن، دەرگای دیالۆگی سیاسی دادەخرێت؟!

خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، غیابی مام جەلالی بە هۆی نەخۆشییەوە لە یەکێتی بە فرسەت وەرگرتبوو، توانیبووی جڵەوگیریی هەموو پەرلەمانتارەکانی یەکێتی لەناو پەرلەمانی کوردستان بکات، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیشی هێنابووە ژێر بار و بەشێکی پەرلەمانتارەکانی (سلێمانی) یەکگرتووی ئیسلامیشی قەناعەت پێکردبوو کە لە ڕێگەی ئەوانەوە تەواوی پەرلەمانتارەکانی یەکگرتووش لە پەرلەماندا پشتگیری ئەم کودەتایەی بکەن.

لەسەرەتای جێبەجێکردنی ئەم پیلانەوە، سەرکردایەتیی پارتی لە ئامانج و مەبەستی پشت ئەم پیلانە تێگەیشتبوون، بۆیە شەخسی نێچیرڤان بارزانی خۆی سەردانی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفای کرد، ئەمەش بەو ئامانجەی دەرگای دیالۆگی سیاسی بکاتەوە و چەند ئۆبشنێك دروست بکرێت و پاشان لەسەر ئۆپشنە جیاوازەکان بە جۆرێك بڕیار بکرێت کە هەموو لایەك خۆی بە براوە بزانێت و ئەم ژینگە لەبارەی بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە لەبار نەبرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو هەوڵەی نێچیرڤان بارزانی لە بەرامبەر عینادیی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان سەرکەتوو نەبوو، بە کردەیش لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ یوسف محەمەد کە سەرۆکی پەرلەمان بوو لەسەر لیستی گۆڕان لە چوارچێوەی زۆرینە و کەمینەدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەو پیلانە کرد کە ڕێکخەری گۆڕان وەك پڕۆژە یاسا ئامادەی کردبوو.

لەماوەی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ تا شەوی ١٩ی ئابی ٢٠١٥، پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان و بە هاوکاریی بەریتانیا و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەم پیلانەی خرابووە چوارچێوەی پڕۆژەی یاسایەکەوە بە کردنەوەی دیالۆگی سیاسی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبوەشێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی لە بەرەبەیانی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە ناوبژیوانی بەریتانیا و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان توانرا نوێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بگەیەندرێتە قەناعەت کە بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر کۆبوونەوەی رۆژی ١٩ی ئاب

دوابخرێت بۆ ئەوەی لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا ڕێگەچارەیەکی مامناوەندی بدۆزرێتەوە و ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام تەنیا چەند کاتژمێرێک دوای واژووکردنی ئەو ڕێککەوتنە، یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمان لە سەر لیستی گۆڕان، ئەو ڕێککەوتنە مەزنەی ژێرپێ خست و پێداگری کرد کە دەبێت کۆبوونەوەکە هەر گرێ بدرێت، لەم حاڵەتەشدا کۆمەڵێک پەرلەمانتاری نیشتمانپەروەر کە تێگەیشتن ئامانج لەو کۆبوونەوەیە دروستکردنی فیتنەو ئاژاوەیە لە کوردستان، بەشێکیان هەر لەناو هۆڵی پەرلەمان دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان لە پەرلەمان ڕاگەیاند و بەشێکی دیکەشیان لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، شیوعی، سۆشیالیست و کۆتاکان) دەنگیان خستەپاڵ دەنگی فراکسیۆنی پارتی و بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکرد، بەمەش نیسابی یاسایی بۆ کۆبوونەوەکە دروست نەبوو، پەرلەمانیش نەیتوانی کۆبوونەوە بکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەشی کە پیلانەکەی ڕێکخەری گۆڕان بە تەواوەتی بۆ هەموو لایەک ئاشکرابوو، نەیتوانی بەرگێکی یاسایی بە بەری کودەتاکەیدا بکات، دووبارە دەستپێشخەری کردەوە کە پارتی ئامادەیە درێژە بە کۆبوونەوە سیاسییەکان بدات، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بە دیالۆگی سیاسی چارەسەر بکرێت، بەڵام دیار بوو، بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی، ئەم سیاسەت و ستراتیژە نەرمەی پارتی وەک جۆرێک لە لاوازیی پارتی خوێندەوە و لەسەر ئەم خوێندنەوەیە کۆمەڵێک حیسابی غەڵەتی کرد، ئەمەش ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ لەو کاتەی نوێنەرانی هەر پێنج حزبەکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە هۆتێلی شاری جوان لە سلێمانی لە کۆبوونەوەدا بوون، بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێک هەرزەکار و مێرمنداڵی هان دا، بچنە سەر ئەو کۆبوونەوەیە و تێکی بدەن، لەدوای ئەمەش بە ناوی خۆپیشاندانەوە هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی پارتی و لە قەڵادزێ هەتا گەرمیان هەموو بارەگاکانی پارتییان سووتاند و ژمارەیەک کادری پارتییان شەهید و بریندار کرد، لەم حاڵەتەدا ئیدی پارتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بە دەنگی بەرز بە بزووتنەوەی گۆڕانی ڕاگەیاند (ئیتر دەبێت بەس بێت)، بەمەش ڕێککەوتنی سیاسی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشاندەوە و وەزیر و سەرۆکی پەرلەمانی لیستی گۆڕانی ڕەوانەی ماڵەوە کردەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەو بنەمایە پیلانی بۆ ئاژاوەگێڕی دانابوو، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان پەنا بۆ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لەو جۆرە ببات، ئەوا حزبەکانی دیکەش لە حکومەت دەکشێنەوە و کابینەی هەشتەمی حکومەتی کوردستان دەڕووخێت و ئیدی ئەو دەستکەوتانەش نامێنن کە کابینەی هەشتەم شانازی پێوە دەکات، بەڵام ئەمجارەشیان حیساباتەکانیان هەڵە دەرچوو، نە هیچ حزبێک لە دوای ناردنەوەی وەزیر و سەرۆکی پەرلەمانەکەی گۆڕان کشانەوە، نە هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتییش حیسابی لایەنێکی سیاسی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کرد. دوای هەموو ئەمانەش وێڕای ئەوەی ماوەی نزیکەی دووساڵ هەوڵ لەگەڵ گۆڕان درا کە بەخۆیدا بچێتەوە و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی تازە بگەڕێتەوە ناو حکومەت، بەڵام گۆڕان جارێکی دیکە دەستی دایە عینادی و لەبری ئەوەی کێشەکانی کوردستان بە دیالۆگ چارەسەر بکات، هەوڵیدا لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا لەگەڵ یەکێتی بەو ئامانجەی بە حیساب باڵانسی هێز لە کوردستان دەگۆڕێت و ئەمجارەیان بە چەک کێشەکانی لەگەڵ پارتی یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام چونکە بەشێکی سەرکردایەتی یەکێتی لە نییەت و مەرامی ڕێکخەری گشتی گۆڕان تێگەیشتبوون، ئەوە بوو لێکترازانێک لە ناو یەکێتی بەناو (باڵی ناوەندی بڕیار) ڕوویدا و ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕان کاری پێنەکرا، لەدوای ئەمەش ڕێکخەری گشتی چووە هەندەران و بەداخەوە ئەوە دوایین سەفەری بوو، کۆچی دوایی کرد. دوای ئەوەش کە پیلانەکەی دیکەشی لەژێر ناوی (گۆڕینی باڵانسی هێز لە کوردستان) شکستی هێنا، ئیدی حزبە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە چیدیکە ناکرێت بە هۆی عینادیی بزووتنەوەی گۆڕان پەرلەمان پەکی

**وێڕای ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان و فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی و هەروەها بەشێک لە پەرلەمانتارانی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ دژایەتی هەرێمی کوردستان و کارەکانی کابینەی هەشتەم خستبووەگەڕ، بەڵام نەیانتوانی کاریگەرییان هەبێت و توانرا پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت و خەڵکی کوردستانیش بە ڕێژەی ٩٢،٧٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ ریفراندۆمەکە دا**

**دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لە نێوان پارتی و گۆڕان، نێچیرڤان بارزانی بە زمانێکی بەرز مامەڵەی لەگەڵ وەزیرەکانی گۆڕان کرد و بەشێوازێکی ئاست بەرز تێیگەیاندن کە بەم شێوازە حوکمڕانی لە وڵاتدا ناکرێت، هەروەها پێی ڕاگەیاندن کە وەک حکومەت ئێمە هیچ گلەییمان لە وەزیرەکانی گۆڕان نییە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ڕێز لەو ڕێککەوتنە ناگرێت کە بەشداری کابینەی هەشتەمی پێکردووە**

بخرێت، ئەوە بوو لە ئەیلوولی ٢٠١٧ پەرلەمان کاراکرایەوە و ئێستاش پەرلەمان بە شێوەیەکی ئاسایی کۆبوونەوەکانی خۆی بەڕێوە دەبات.

لەماوەی ئەو دوو ساڵەی نێوان ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ هەتا ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، کابینەی هەشتەم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی توانی کۆمەڵێك سەرکەوتنی دیکە لە کارنامەی خۆیدا تۆمار بکات کە بریتی بوون لە :

١- دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لە نێوان پارتی و گۆڕان، نێچیرڤان بارزانی بە زمانێکی بەرز مامەڵەی لەگەڵ وەزیرەکانی گۆڕان کرد و بەشێوازێکی ئاست بەرز تێیگەیاندن کە بەم شێوازە حوکمڕانی لە وڵاتدا ناکرێت، هەروەها پێی ڕاگەیاندن کە وەك حکومەت ئێمە هیچ گلەییمان لە وەزیرەکانی گۆڕان نییە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ڕێز لەو ڕێککەوتنە ناگرێت کە بەشداری کابینەی هەشتەمی پێکردووە، هەروەها بە زمانیکی بەرز مامەڵەی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی حکومەت کردو درێژەی بە بەرنامە چاکسازییەکەی خۆی و چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری دا، توانی لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٧ لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی مووچە دابمەزرێنێت و بە سیستمێکی تازە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دابەش بکرێت، بەڵام بەداخەوە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ئەم پرۆسەی دواخست بۆ کۆتایی مانگی ئاداری ٢٠١٨.

٢- لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا، کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی ژینگەیەکی ئەوتۆی سیاسی دروست بکات، کە بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکان بتوانن لەیەکتری بگەن و بتوانن پێکەوە بڕیار بدەن، ئەوجا وێڕای ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق و فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، هەروەها بەشێك لە پەرلەمانتارانی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ دژایەتی هەرێمی کوردستان و کارەکانی کابینەی هەشتەم خستبووەگەڕ، بەڵام نەیانتوانی کاریگەریان هەبێت و توانرا پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت و خەڵکی کوردستانیش بە ڕێژەی ٩٢،٧٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ ریفراندۆمەکە دا.

٣- لەماوەی ئەو دوو ساڵەی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت دوور خرایەوە، کابینەی هەشتەم توانی لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك بە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان بکات و پارەی پترۆدۆلاری پارێزگای کەرکووکیش بدات، هەروەها توانی بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی ژێرخانی ئابووریی کوردستان ڕێکبخاتەوە، بەرواری هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات.

٤- سیستمی بایۆمەتری بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ بە سەرکەوتوویی ئەنجامدارا، ئەم پڕۆژەیە بۆتە بناخەی پڕۆژەیەکی گەورەتری چاکسازی کە سەرلەنوێ سیستمی خانەنشینی نایاسایی و مووچەخۆری بن دیوار چارەسەر دەکات و توانی مووچەی کۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکبخاتەوە و ئێستا حکومەت ئەم پڕۆژەیەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات.

ئەم ئاراستەیەی کە کابینەی هەشتەمی حکومەتی کوردستان لەماوەی ئەو دوو ساڵەی گۆڕان لە حکومەت دوور خرابووە، سەرلەنوێ بنەمای دامەزراوەکانی دەوڵەتی بەو جۆرە ڕێکخستبۆوە کە جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە پشت بە خۆی ببەستێت و خۆی لەو گوشارانە ڕزگار بکات کە هەر جارەی بە بیانوویەك حکومەتی بەغدا هەوڵیدەدا بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ببڕێت، بەڵام بەداخەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە ئاکامی ئەو خیانەتەی تاقمێك لەناو یەکێتی کردیان و کەرکووکیان تەسلیمی هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد، هەوڵیاندا نەك هەر تەنیا کابینەی هەشتەم بڕووخێنن بەڵکو هەوڵیاندا قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان بسڕنەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ ئەوەشی دوو حزبی دیکە (کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە حکومەت کشانەوە و یەکێتی نیشتمانی-یش نەیدەتوانی

**سەرۆک بارزانی داوای لە ئیدارەی ئۆباما کرد، هەتا پارتی و یەکێتی لە لیستی ڕەشی حکومەتی ئەمریکا دەرنەهێنرێن، سەردانی ئەمریکا ناکات، لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەرۆک بارزانی ئەمریکا پارتی و یەکێتی لە لیستی ڕەش دەرهێنا**

**خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، غیابی مام جەلالی بە هۆی نەخۆشییەوە لە یەکێتی بە فرسەت وەرگرتبوو، توانیبووی جڵەوگیری هەموو پەرلەمانتارەکانی یەکێتی لەناو پەرلەمانی کوردستان بکات، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیشی هێنابووە ژێر بار و بەشێکی پەرلەمانتارەکانی (سلێمانی) یەکگرتووی ئیسلامیشی قەناعەت پێکردبوو کە لە ڕێگەی ئەوانەوە تەواوی پەرلەمانتارەکانی یەکگرتووش لە پەرلەماندا پشتگیری ئەم کودەتایەی بکەن**

**بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا سەرۆکی فەرەنسا خۆی هاتە کوردستان و دواتریش لە کۆشکی ئەلیزی پێشوازی لە شاندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد**

وەك قەبارەی خۆی پشتگیری حکومەت بکات، بەڵام دیسان لۆژیك و لێهاتوویی نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێکی بەئەزموون ئەو بارە سەخت و دژوارەی راست کردەوە و گەیاندوویەتە ئەو ئاستەی کە خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە سەیری ئایندەی وڵاتەکەیان بکەن.

## ● کابینەی هەشتەم و تێپەڕاندنی کارەساتی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر

ئەگەر تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەو ژینگە ئاڵۆزەی سلێمانی دڵنیا نەبوونایە کە خیانەتەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕانەوە پەسەند دەکرێت، نەیاندەتوانی ئەوا بێ باکانە پەنا بۆ خیانەتێکی لەوجۆرە بەرن و بەو سانایيە ئەو خیانەتە گەورەیە بکەن و کەرکووك تەسلیمی حەشدی شەعبی و فەیلەقی قودس بکەن.

ئامانجی ئەم خیانەتە لەگەڵ ئەوەی پشکی شێری بە زیان بۆ یەکێتی شکایەوە و گەورەترین گورزی گورجکبڕی لە یەکێتی دا، لە بنەڕەتدا بە ئەقڵێکی هەرزەکارانەی ئەوتۆ هەنگاوی بۆ هەڵگیرابوو، هەتا ئەگەر حزبەکەی خۆشیان لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، ئەوا نابێت پارتی دیموکراتی کوردستان شانازیی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی پێ ببڕدرێت. هەر بۆیە ئەم خیانەتە بەرهەمی ئەو سیاسەتی رق و کینە و یەکتری رەتکردنەوەیە کە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە سەرانی گۆڕان و ئەو تاقمە خیانەتکارەی ناو یەکێتی دژایەتی پارتی پێدەکەن.

ئامانجێکی دیکەی تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەوە بوو، ئەگەر پارتی نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات و لە ئاکامی ئەو خیانەتە پەنای بۆ چەك برد دژی تاقمی خیانەتکار، ئەوا ئەو تاقمە وایان دانابوو بە هاوکاری فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بە پێش لەشکری بۆ حەشدی شەعبی شەڕێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ پارتی بکەن و بە حیسابی خۆیان پارتی لەناو بەرن و جادەکە بۆ خۆیان تەخت بێت.

بەڵام بە درێژایی مێژووی پارتی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، هەمیشە پارتی لە رووبەڕووبوونەوەی کێشە گەورە چارەنووسسازەکاندا، بە لۆژیکی دووربینانە مامەڵەی کردووە و هەتا پێی کرابێت، رێگەی نەداوە خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، کە لەم هەنگاوەشدا سەرکەوتوو بووبێت، ئەوجا زانیویەتی چۆن وەڵامی داگیرکەرانی کوردستان دەداتەوە.

دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش جارێکی دیکە پارتی لەسەر بنەمای ئەم لۆژیکە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کارەساتە گەورەیە کرد و لەماوەی چەند رۆژیکدا مەترسیی شەڕی کوردکوژی دوورخستەوە و بە جۆرێکی دیکە بەرەی خۆی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان رێکخستەوە و، تەنیا چوار رۆژ دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر توانی لە داستانی پردێ و سەحێلا و تەلسقۆف، بەو زمانە قسە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی و راوێژکارە سەربازییەکانی فەیلەقی قودس و حزبوڵای لوبنانی بکات کە لێی تێدەگەن و بە دەیان سەدان تانك و زرێپۆش و هامەر و چەکی هەمەجۆری بە تێکشکاوی پێ بەجێهێشتن، ئەم داستانانە جیا لەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی پاراست، لە هەمانکاتدا بەغداشی ناچار کرد کە لەوە تێبگات بە هێرشی سەربازی ناتوانێت ئامانجەکانی بێنێتەدی.

هەتا ئێرە ئەمە بەشە سەربازییەکەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، بەڵام کاتێك زانییان هێزەکانی پارتی پیلانە سەربازییەکەی تێکشکاندووەو رێگەنادات بە زەبری هێز هەرێمی کوردستان داگیر بکرێتەوە، ئیدی بەشە سیاسییەکەی ئەو پیلانە، لەلایەن گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و لیستە تازەکەی بەرهەم ساڵح-ەوە بە ئاشکرا داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی ئینقازی نیشتمانی دەکرا، لەمەش زیاتر بە شاندی هاوبەش دەچوونە خزمەتی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی شەرعیی هەرێمی کوردستان نەکات و خۆیان جێگەی بگرنەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش بەتایبەتی لە زۆنی هەمەڕەنگ کەوتنە هاندانی فەرمانبەران و مامۆستایانی ئەو دەڤەرە

**لەگەڵ ئەوەی کابینەی هەشتەم، حکومەتی هەرێمێک بوو لەناو دەوڵەتێکی بەناو فیدڕاڵی و مامەڵەی حکومەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لەگەڵ نەدەکرا، بەڵام لۆژیک و لێهاتوویی و دەوڵەتمەداریی نێچیرڤان بارزانی بووە هۆکاری ئەوەی نەوتی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بە رێگەی بۆری هەناردەی دەرەوە بکرێت و بە کۆمپانیاکانی جیهان بفرۆشرێت**

**نێچیرڤان بارزانی یەکەمین سەرکردە و دەوڵەتمەداری کوردستانە کە توانی بۆ یەکەمین جار سەرۆکایەتی حکومەتێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە سەرکەوتوویی لە کابینەی پێنجەمدا بکات، ئەم سەرکەوتنەی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەمدا، جیا لەوەی بووە بەردی بناخەی کاری هاوبەشی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەش لەناو یەک حکومەتدا، لەهەمان کاتدا بووە جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانی تەواوی ناوەندەکانی جیهان و، هەرێمی کوردستان بووژانەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە بینی کە لە هەموو جیهاندا بە «عێراقەکەی دیکە» ناویان دەبرد**



**کابینەی هەشتەم یەکەمین حکومەت بووە لە مێژووی عێراق و کوردستاندا کە بێ بوونی بودجە کارەکانی خۆی لەناو قەیرانی شەڕ و دارایی بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبردووە**

بۆ ئەوەی بایکۆتی خوێندن بکەن و خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی پاشاگەردانی دروست بێت و سلێمانی بگێڕنەوە بۆ بەغدا و لە کوردستانی جیابکەنەوە.

لەمەش خراپتر بزووتنەوەی گۆڕان کە ماوەی دووساڵ بوو لە حکومەت دوورخرابۆوە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەفەرمی خۆی لە حکومەت کشاندەوە و دوابەدوای ئەویش کۆمەڵی ئیسلامی و مانگێك دوای ئەویش یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەت کشایەوە، مانەوەی یەکێتی نیشتمانیش تەنیا مانەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانیان بوو، بەبێ پشتیوانی راستەقینەی حزبەکەیان، هەر بۆیە ئەم بارودۆخە سەختە کەوتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەم قەیران و کارەساتەش رووبەڕووی ئەزموون و لۆژیکی نێچیرڤان بارزانی کرایەوە.

لێرەوە ئەگەر وێنایەکی بارودۆخی ئەو کارەساتە بکەین کە رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و نێچیرڤان بارزانی توانی لەناو ئەو کارەساتە گەورەیەدا جارێکی دیکە کوردستان هەڵبستێنێتەوە و قەیرانی ئابووری تێپەڕێنێت و بارودۆخەکە بگێڕێتەوە بۆ پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەوا دەبێت ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١- بە داگیرکردنەوەی کەرکووك، حکومەتی عێراق نەوتی کەرکووکی لە هەرێمی کورستان بڕی کە شادەماری ئابووری هەرێمی کوردستان بوو، ئەمەش واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی زۆر کەمی داهاتی لەبەر دەست مایەوە بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکات.

٢- گەمارۆی ئاسمانی خرابووە سەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان و حکومەتی عێراق

ڕێگەی نەدەدا هیچ شاندێکی دەوڵەتان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

٣- هەردوو دەوڵەتی دراوسێ (ئێران و تورکیا) گەمارۆی ئابوورییان خستبووە سەر هەرێمی کوردستان .

٤- حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی زۆر غروور مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرد و هەرێمی کوردستانی بە «پارێزگاکانی باکووری عێراق» ناوی دەبرد.

٥- بارودۆخی سیاسیی کوردستان بە جۆرێك ئاڵۆز بوو کە بواری بۆ دیالۆگی سیاسی نەهێشتبووەوە، خۆپیشاندانی فەرمانبەران گۆڕابوو بۆ ئاژاوەگێڕی و بانگەشەکردن بۆ جیاکردنەوەی سلێمانی لە کوردستان.

٦- باری ئابووریی کوردستان کەوتبووە حاڵەتێکی هەڵاوسانی ئەوتۆ کە لە هەموو بوارەکاندا جووڵەی بازاڕ وەستابوو، پرۆژەکانیش هەموویان ڕاگیرابوون.

٧- بەهۆی ئەو کارەساتەی لە ئاکامی ئەو خیانەتە بەسەر هەرێمی کوردستان هاتبوو، خەڵك بەشێوەیەکی گشتی جۆرێك لە بێ ئومێدییان لا دروست بوو، سەرباری ئەمانەش میدیاکانی دەقەری زۆنی هەمەڕەنگ هەر هەموویان بە میدیاکانی یەکێتی نیشتمانیشەوە وەك ماکینەیەك بۆ ڕووخاندن و هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان خرابوونە گەڕ .

لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا و تەنیا لە ماوەی ١٠٠ -١٥٠ ڕۆژدا، نێچیرڤان بارزانی توانی بارودۆخەکە بەم شێوەیە پێچەوانە بکاتەوە:

● نێچیرڤان بارزانی پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ڕاگەیاند و بەمەش توانی یەکەم دەرگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکاتەوە و لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرۆك ئەمانوئیل ماکرۆن لە کۆشکی ئەلیزی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە پێشوازی لێکرا.

● نێچیرڤان بارزانی توانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی (ئێران و تورکیا) ئاسایی بکاتەوە و دوای ئەوەی لە تورکیا سەردانی فەرەنسای کرد، ئەمجارەیان لەبەغداوە سەردانی تارانی کرد.

● لەسەر ئاستی زیادکردنی داهاتی حکومەت، پرۆژەیەکی گەورەی چاکسازی ڕاگەیاند و ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کرد بۆ ئەوەی بە یاسا ئەو پرۆژە گەورەیەی چاکسازی جێبەجێ بکرێت.

● لەماوەی ئەو چەند مانگەدا، توانی چەند جارێك مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ دابین بکات، بەمەش نەیهێشت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارەکانی ڕابوەستێت.

● لەسەر بنەمای سیاسەتیکی نەرم و ئارامگەر، دەرگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ حکومەتی بەغدا کردەوە و توانی گەمارۆی ئاسمانی لەسەر فرۆکەخانەکانی کوردستان هەڵبگرێت و جارێکی دیکە دەروازەی ئاسمانی بە ڕووی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە و سەردانی شاندی دەوڵەتان بۆ کوردستان دەستی پێکردەوە.

● نەخشەیەکی ڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا دروستکرد و هەتا کێشەکانی هەرێم و بەغداش بە تەواوەتی چارەسەر دەکرێن، لەگەڵ حکومەتی عەبادی ڕێککەوت کە مانگانە برێك پارە بنێرێتە هەرێم بۆ ئەوەی لەگەڵ داهاتی ناوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت.

● سیستمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران پێداچوونەوەی پێداکرا و داهاتی فەرمانبەرانی کوردستان بە ڕێژەی ١٠٠٪ زیادی کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بووژانەوەیەکی ئابووری دروست بێت و جووڵەی بازاڕ دەست پێ بکاتەوە.

لەسەر ئەم ئاراستە سەرکەوتووە بەردەوامە و ئێستا جیا لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هەرێمی پێگە و شکۆی گەڕاوەتەوە بۆ پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لەهەمانکاتدا لەگەڵ حکومەتی عێراقیش هەنگاو بەهەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان دەچنە پێش و ئێستا باس لەوە دەکرێت باری ئابووری کوردستانیش بەرەو باشتر دەچێت و بە تەواوەتی سیستمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران کۆتایی دێت.

**بە دروستکردنی هەماهەنگییەکی پتەو لە نێوان ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا، سەرۆک بارزانی توانی ئاراستەی شەڕەکە بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە بەرێت، ئەمەش نەک هەر لەبەرەکانی باشوری کوردستانەوە، بەڵکو بەناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و ئازادکردنەوەی کۆبانێ، ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەتاڵ کردەوە**

**هێشتا کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی لەلایەن پەرلەمانەوە پێنەدرابوو کە موسڵ داگیرکراو داعش خەلافەتی ڕاگەیاندو شەڕێکی گەورە بەرۆکی کوردستانی گرت و ئاوارەیەکی زۆریش ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد**

**بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەماوەی تەنیا دوو مانگدا هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە کردبوو، بەمەش ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەماوەی دوومانگ و بە شێوەیەکی زۆر کتوپڕ بە ڕێژەی ٣٠٪ زیادی کرد**




**دارا جەلیل خەیات**

**سەرۆکی یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی گەورە لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان و کرانەوەی ئابووریی ئێستای کوردستان دەبینێت

**هەوڵ و هەنگاوەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرانەوەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و بازرگانی لێکەوتەوە، هاتنی شاندو کونسوڵخانەکان و کۆمپانیا بیانییەکانی وڵاتانی بیانی و دراوسێ دووبارە بازاڕەکانی کوردستانی بووژاندەوە، سەبارەت بەم دۆخەو هەوڵەکانی بووژانەوەی کەرتی تایبەت چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم کرد کە هاوکات جێگری سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراقیشە، لێرە پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەکو سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەت بۆ رەوشی بازاڕ و دۆخی کەرتی تایبەت چییە، بەتایبەتی لە هەردوو بواری بازرگانی و پیشەسازی کە دوو سێکتەری فراوانە و کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رەوشی بازاڕ و ئابووریی کوردستان هەیە؟**

- لەم ماوەیەدا دووبارە بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان جموجووڵ و کرانەوەیەکی بەخۆوە بینی، واتا کێرڤی دووبارە بووژانەوەی بازاڕ رووی لە بەرزبوونەوە کردووە و ئومێدی ئەوە هەیە دووبارە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەو بێبازاڕی و پووکانەوەی لەماوەی رابردوودا بەخۆیەوە بینی، بەرەو کۆتاییهاتن بچێت، ئەمەش بۆ ئەو هەوڵانەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لە ئاکامی پیادەکردنی سیاسەتێکی ژیرانە لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دراوسێ و بیانی دروست بووە، ئەمڕۆ رۆژانە شاندە بازرگانی و پیشەسازییەکان روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و جموجووڵێکی ئابووری لە سەرجەم سێکتەرەکان دەستی پێکردۆتەوە.

*** بەستنی کۆنفرانسی پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران و دواتر هاتنی شاندی بازرگانی و پیشەسازیی تورکیا و بەشداریکردنی بەرپرسانی پەیوەندیداری حکومەتی ناوەندی، تا چەند بۆ ئەو هەوڵە دیپلۆماسی و ئابوورییانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە؟**

- رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری و هاوکارییەکی باشی بۆ هاتنی کۆمپانیاو بیزنسکارانی بیانی پێشکەش کردووە، بێگومان ئەمە لەخۆڕا دروست نابێت، ئەگەر دیپلۆماسیەتێکی پێشکەوتووی لە پشت نەبێت، لەم رۆژانەشدا لە ئەنجامی ئەو کۆنفرانسەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران و پارێزگار و سەرۆکی ژوورە بازرگانییەکانی شارەکانی ئەو وڵاتەو گەورە کۆمپانیاکانیان، چەندین پەیوەندی و رێککەوتنی بازرگانی واژوو کران و باسی چۆنیەتی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا، ئەمە جگە لەوەی لەنزیکەوە گفتوگۆ کرا لەسەر لابردن و هەڵگرتنی هەموو ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە رێگرە لە بووژانەوەی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان بەتایبەتی ئاستەنگەکانی دەروازەکان و سەرسنوور و گۆمرگەکان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی زۆر گەورەیە و ئاکام و شوێنەواری باشی لێدەکەوێتەوە، بەهەمان شێوەش بازاڕو پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیاشدا کرانەوەی بەخۆوە بینیوە، ئەم وڵاتە بۆ ئێمە گرنگی تایبەتی هەیە، راستە سنوور و دەروازەکانی تورکیا بە رووی بازرگانان و بیزنسکارانەوە دانەخران، بەڵام خواستی ئێمە لەمە زیاترە و دەمانەوێت پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا پەیوەندیی ستراتیژی و درێژخایەن بێت و رێککەوتنی بازرگانی و پیشەسازی و ئابووریی گەورە لەنێوانماندا هەبێت. لەکۆنگرەی پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە رەسمی سوپاسی هەڵوێستی ئەوانمان کرد کە گەمارۆ و سزای

**کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕێک لە هەموو ئەو کەموکوڕی و گرفتانە بدەینەوە کە رێگرە لە گەیشتن بە سیستەمی ئابووریی بازاڕ، ئەو ئابوورییەی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دەهێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهێزتر دەکات**

گەلی کوردستانیان نەداوە لەسەر مومارەسەکردنی مافێکی رەوای خۆی و سنوورەکانیان بە رووماندا دانەخست، لەهەمان کاتیشدا گفتوگۆ لەسەر فراوانکردنی قەبارەی بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکان کراو بڕیارە چەند دەروازەیەکی دیکەی سەرسنوور کە ئێستا نافەرمین، بکرێنە دەروازەی فەرمی و ئاسانکاری زیاتر بکرێت.

*** یەکێک لەو هەنگاوانەی دەبێتە هۆکاری بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان وڵاتان، دامەزراندنی ناوچەی ئازادە، ئایا لەگەڵ هەردوو شاندی وڵاتی تورکیا و کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لەم خاڵە کراوە؟**

- هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەنی سنوورێکی فراوانە لەگەڵ هەردوو وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیا، ئەمە جگە لەوەی قەبارەی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا رووی لە زیادبوون کردووە، لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا سەدان کۆمپانیای ئێرانی و تورکی بوونیان هەیە، زۆر لە بازرگان و بیزنسکاران و تەنانەت کاسبکارانی ئێمەش هاتوچۆی بازاڕەکانی ئەو دوو وڵاتە دەکەن، ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو ئاراستەیە دەچێت کە لەناوچە سنوورییەکان تەنیا ژمارەی دەروازەکان زیاد نەکەین، بەڵکو ببینە خاوەنی ناوچەی بازرگانیی ئازادیش، هاوکات ئەم ناوچە بازرگانییانە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ هەڵگرتنی زۆر لە گرفت و کێشەی بەردەم بووژانەوەی کەرتی بازرگانی و ئابووری و کۆتایی بە کۆمەڵێک گرفتی تاریفەی گومرگی و ئاستەنگی هاتوچۆ و لاوازیی پەیوەندی و مەسەلەی گۆڕینی دراو و بانکی دەهێنێت، هەر بۆیە ئێمە لە ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکان زۆر پێداگریمان لەسەر دامەزراندنی ناوچەی بازرگانیی ئازاد لەسەر هەر دوو دیوی سنووری کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتی تورکیا کرد.

*** وەکو سەرۆک و نوێنەری بازرگانان و پیشەسازیکارانی کوردستان، ئایا پێتوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا دۆخی ئابووری و سێکتەرەکانی دیکەی بازرگانی و پیشەسازی و وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی بەرەو ئاسایبوونەوە دەچێت؟**

- ئومێدمان زۆرە و لەداهاتوویەکی نزیکدا کوردستان بەرەو کرانەوەیەکی ئابووری و بازرگانی دەچێت و وردە وردەش بەسەر کێشە ئابوورییەکاندا زاڵ دەبین، لێرەشدا زۆر سوپاسی رۆڵی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە رۆڵێکی کاریگەر و گرنگیی گێڕا بۆ ئەو کرانەوە ئابووری و بازرگانییەی کە ئێستا کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت، گرنگیدان و ئامادەبوونی لە سەرجەم کایەکاندا گرنگی خۆی هەبوو بۆ رزگاربوونی کوردستان لەگەمارۆ و خنکاندنی بازاڕ و کەوتنەوەی بێ بازاڕی، هەمووشتان بینیتان کە چۆن بەڕێزیان لە کۆنفرانس و پەنێڵەکان و گفتوگۆکان و میوانداریێتی شاندە بیانییەکان حزوور و بەهایەکی گەورەی هەبووە، هیواداریـن ئەم رێچکە و سیاسەتە ژیرانەیەی بەڕێزی بەردەوام بێت، چونکە دەرئەنجام ئەوە هاووڵاتیانی کوردستانن سوودمەند دەبن لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و کرانەوەی ئابووری و کۆتاییهاتن بە دۆخی بێ بازاڕی، لە هەرێمی کوردستان زۆرترین چین و توێژی ئەم کۆمەڵگەیە لەناو کەرتی تایبەتدایە و زۆرترین هەلی کاریش هەر لەم کەرتەدایە، ئەمە جگە لەوەی بووژانەوەی کەرتی تایبەت و کۆتاییهاتن بە دۆخی بێ بازاڕی واتە کۆتاییهاتن بەکێشەی کەرتی گشتی و گرفتی مووچەخۆران، چونکە زۆرترین داهات لە رێگەی رسومات و باج و تاریفەی گومرگی و تاریفەی خزمەتگوزاری و بوارەکانی دیکەی باجەوەیە و بە بووژانەوەی بازاڕ کێرڤی بەرزبوونەوەی سەرجەم داهاتە ناوخۆییەکان بەرز دەبێتەوە.

*** ئایا پەیوەندییە ئابووری و بارزگانییەکانیش لەگەڵ عێراقدا کرانەوە بەخۆیانەوە دەبینێت؟ بەتایبەتی دوای ئەوەی بەغدا کۆمەڵێک سزای ئابووری لەسەر کوردستان دەرکردووە، تەنانەت بازگەی گومرگی لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراقدا داناوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ئایا لە خراپبوونی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری نێوان هەرێم و ناوەند کێ زیانمەندە؟ بە تەئکید هەردوو لامان، لەم روانگەیەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەرەو کرانەوەی زیاتر رۆیشتووە لەگەڵ

**ئێمە نابێت تەنیا بیر لەوە بکەینەوە کە هەر کاربکەین و پارە خەرج بکەین، بەڵکو پێویستە لەبیری ئەوەدا بین، چۆن سیولەی نەختینەیی و پارە بۆ وڵاتەکەمان دەهێنین و لە قەیرانی دارایی دەربازی بکەین**

**رووداو و گۆڕانکارییەکان هەمووی بەو ئاراستەیە دەچن کە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق ئاسایی بۆتەوەو هەمووان خواستی دروستبوونی پەیوەندییەکی باش و ستراتیژییان هەیە**

عێراقدا، عێراقیش پێویستی بە هەرێمی کوردستانە، چونکە پێویستی بە هەرێمە ئاسانکاری و هاوکاری بکات، بۆ تێپەڕبوونی کاڵا و شمەکەکانی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران، ئێمەش پێویستیمان بەو کرانەوەیە هەیە، بەتایبەتی کە ئێستا هاووڵاتیەکی زۆری عەرەب و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە کوردستان نیشتەجێن و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ شارو ناوچەکانی دیکە هەیە، هەروەها پارێزگاکانی کوردستان هاوسنوورن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پارێزگاکانی عێراق، هەر بۆیە ئێمە پێشوازی لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکەو کرانەوەی پەیوەندییەکان و هیواداریـن سەرکەوتوو بن.

ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە وەکو ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان کە هاوکات جێگری ژوورەکانی عێراقیشم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لە هەوڵەکانمان بەردەوامین.

*** ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق دەکرێت کۆتایی بەو دۆخە بهێنێت کە چیتر ئابووری نەکرێتە قوربانیی ململانێ سیاسییەکان، بەپێچەوانەوە سیاسەت لەپێناو بووژانەوەی ئابووری و بازرگانی بەکار بهێنرێت، هەروەکو چۆن لە هەموو دنیای پێشکەوتوودا باوە، لەوبارەیەوە راتان چییە؟**

- ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکان نوێنەرایەتیی چین و توێژێکی زۆرو فراوان دەکات، بەرگریکارو پارێزەری بەرژەوەندییەکانیانە و ئامانجی بووژانەوەو پێشخستنی کەرتی بازرگانی و پیشەسازییە لە کوردستان و عێراقدا، ئەمەش بێ هەماهەنگی و پەیوەندییەکی دۆستانە دروست نابێت، ئێستا رووداو و گۆڕانکارییەکان هەموویان بەو ئاراستەیە دەچن کە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق ئاسایی بۆتەوەو هەموان خواستی دروستبوونی پەیوەندییەکی باش و ستراتیژییان هەیە، ئومێدیشمان زۆرە لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە حکومەتی نوێی عێراق بووژانەوەی کەرتی تایبەت و پەرەپێدانی سێکتەرەکانی ئابووری لە ریزبەندی پێشەوەی بەرنامەکانیدا بێت و هەموو هاووڵاتیانی عێراق و کوردستان بێ جیاوازی سوودمەند بن لەم پەیوەندییانە.

*** لەگەڵ ئەم کرانەوەیە و کۆتاییهاتنی دۆخی بێبازاڕی چ پێشنیارێکتان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی کە سەرۆکی حکومەت لە گوتاری کۆنفرانسی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران باسی لە ئامادەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ هەموو پێشنیار و راسپاردەکانتان؟**

- کرانەوەی ئابووری و بووژانەوەی دۆخی بازاڕ پێویستی بە هەنگاوی کرداری هەیە، لەسەر ئاستی یاساو تەشریعاتەکان و تاریفە و ئاسانکارییەکان، ئابووریی کوردستانیش بەدەر نییە لەو کەموکورتی و گرفتانە، هەروەکو چۆن یاساو تاریفەو هەنگاوەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش هەمان گرفت و کێشەیان هەیە، بەڵام سەرەتا گرنگە ئێمە لەخۆمانەوە دەست پێبکەین و هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە هەڵبگرین کە هۆکارە بۆ لاوازبوونی جموجووڵی ئابووری و بازاڕ، ئێمە نابێت تەنیا بیر لەوە بکەینەوە کە تەنیا کاربکەین و پارە خەرج بکەین، بەڵکو پێویستە لەبیری ئەوەدا بین، چۆن سیولەی نەختینەیی و پارە بۆ وڵاتەکەمان دەهێنین و لە قەیرانی دارایی دەربازی بکەین، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابووری کە لە ٤/١٦ ی ئەمساڵ ئەنجامدرا، چەندین پێشنیارو داواکاریمان بۆ ئەنجومەنی ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزکردۆتەوەو لە ئێستادا لەگفتوگۆداین بۆ دۆزینەوەی ئەو رێوشوێنە یاسایی و عەمەلییانەی کە دەبنە هۆکاری لابردنی هەموو ئاستەنگ و بەربەستە ئابووری و بازرگانییەکان، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕێك لە هەموو ئەو کەموکوڕی و گرفتانە بدەینەوە کە رێگرە لە گەیشتن بە سیستەمی ئابووریی بازاڕ، ئەو ئابوورییەی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دەهێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهێزتر دەکات و لە ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان دوورمان دەخاتەوە و بازرگان و پیشەسازیکارانیش رۆڵێکی زیاتریان دەبێت لە جموجووڵ و چالاکیی ئابووری و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و ئابووری.

**ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیە دەچێت کە لەناوچە سنوورییەکان تەنیا ژمارەی دەروازەکان زیاد نەکەین، بەڵکو ببینە خاوەنی ناوچەی بازرگانیی ئازادیش**

**رۆژانە شاندە بازرگانی و پیشەسازییەکان روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن و جموجووڵێکی ئابووریی لە سەرجەم سێکتەرەکان دەستی پێکردۆتەوە**



## دکتۆر فرسەت سۆفی

### پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# پارتی حکومڕانییەکی بەرپرسیارانەی کردووە و لە توانایدایە کوردستان بگەیەنێتە کەناری ئارامی

ئاشکرایە لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ و کۆششەکانی چڕکردۆتەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە ئابوورییە نەخوازراوەی بەرۆکی کوردستانی گرتبوو، لەم رووەوە چەند هەوڵ و پرۆژەیەکی جددی لە ئارادن کە جێبەجێکردنیان دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم هەرێمە بتوانێت دووبارە لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوە و گەشە بکاتەوە و بەرەوپێش بچێت. گۆڤاری گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا ئەم پرسانەی لەگەڵ دکتۆر فرسەت سۆفی پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان تاوتوێ کردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** ئایا گرنگترین خاڵەکانی پڕۆژەی چاکسازی لەکەرتی گشتی و خانەنشینی چین؟**

- گرنگترین هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا، ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسایەك بوو بە ناوی پڕۆژەی چاکسازی لەکەرتی وەزیفەی گشتی و مووچەخۆران و خانەنشینان. کە دەستی بردووە بۆ هەموو کونج و کەلەبەرەکانی کێشەکانی پەیوەست بەم بوارە وەك:

کێشەکانی وەزیفەی گشتی و خانشینی و دوو مووچەیی و بەرزکردنەوەی پلەی نایاسایی، یەکخستنەوەی یەکەی حیسابی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ی پێشمەرگە، پاککردنەوەی لیستی شەهیدانی سەنگەر، زیندانیانی سیاسی، زامنکردنی مووچەی پاشەکەوتکراوی مووچەخۆرانی هەرێم، چارەسەرکردنی چەندین کێشەی دیکەی ئیداری و وەزیفی،

ئێستا پڕۆژە یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستانە و پشت بە خوا لەم هەفتەیەدا پەسەند دەکەین.

*** باسی کۆمەڵێك پڕۆژەی دیکەت کرد، ئەو پڕۆژانە چین؟**

- لە راستیدا لە کەرتی دەرمان و بوارەکانی پەیوەست بە موساتەحەو وەبەرهێنانیش کارکراوە، کە چەند هەنگاوێك لەم بوارانەدا هەڵگیراون و چەند رێوشوێنێکی گیراونەتەبەر و کۆمەڵێك خەڵکیش دەستگیر کران، بەتایبەتی لە بواری مەلەفی نەزاهە کە هەنگاوی باش چووەتە پێش.

*** ئایا بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژانە هەیە؟**

- هەموو پڕۆژەو هەنگاوێکی چاکسازی بێ بەربەست و ئاستەنگ نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەنگاوەکانی چاکسازی لەکوردستان باش چوونەتە پێش، گۆڕانکاری باش روویان داوە، ئەوە بوو لەم کابینەیە و لە سەر دەستی سەرۆك وەزیران کاك نێچیرڤان بارزانی و بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو ئەو پۆستە کارگێڕانەی دانراون، لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سی ڤی بووەو لە هەندێکیان لەسەر بنەمای پێشبڕکێی توانا و کارامەیی بووە.

*** چاکسازیی داواکاری خەڵکی کوردستان و هەموو حزبە کوردستانییەکانیشە، کەچی زۆر لەو حزبانەی موزایەدە بە کەموکورتی و گەندەڵی و ناشەفافییەتەوە دەکەن، ئایا ئەمە جۆرێك لە دووفاقی و لە خشتەبردنی خەڵکی نییە لەکاری سیاسیدا؟**

- بەداخەوە ئەو برادەرانەی ئەوەندە قسە دەکەن، ئەوەندە کرداریان نییە؛ ئەمە نەگبەتییەکە دروست بووە بەوەی هەرکەسێك قسە بکات و خۆی بە فریشتە دادەنێت و دەیەوێت ناشیرینیەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. بەڵام پارتی حزبێکە بە شەهامەتەوە شانی داوەتە بەر لێپرسیارێتی و دانی بە هەڵەو کەموکوڕییەکانیشدا ناوە، بەڵام دەستکەوتیش ئەوەندە زۆرە کە دەبێت هەموومان شانازی پێوە بکەین و لە ماوەی رابردوودا ئەوەندە کاری باش لەسەر دەستی پارتی بۆ ئەم میللەتە کراوە، کە شیاوی ئەوەیە هەموومان بینرخێنین. لەبەرامبەردا هەندێك لایەن هەن کە کاتێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت، خۆیان لێدەکەنە خاوەن، کاتیکیش دۆخەکە بەرەو خراپی دەڕوات، هەموو دەکشێنەوە و ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی پارتی، ئەوەش راکردنە لە بەرپرسیارێتی و نیشانەی ئەوەیە لە حوکمڕانی تێنەگەیشتوون. بۆ نموونە کاتێك نەوت بەرهەم هێنرا و نرخەکەشی بەرز بوو، حزب هەوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئێمە ئەندازیاری فرۆشتنی نەوتین، بەڵام کاتێك نرخی نەوت دابەزی و کاریگەریی کردەسەر ژیانی خەڵك، وتیان نەخێر ئەمە سیاسەتی هەڵەی پارتی بوو و پارتی هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەم قەیرانە و ئێمە لەگەڵ فرۆشتنی نەوت نەبووین. تۆ سەیر بکە کاتێك ریفراندۆم لە چڵەپۆپەیدا بوو لایەنێکی سیاسی لە کۆمیتەی سەرکردایەتی خۆی بەکۆی دەنگ پەسەندیان کرد، بەوەی ریفراندۆم بەبێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناکەن، کاتێکیش کارەساتیان لەم ناوچانە دروستکرد، هەر ئەوانە هاتن و وتیان ئەوە ریفراندۆم بوو کارەساتی بۆ ئەم ناوچانە هێنا. ئەم ئیزدواجیەتە خەسڵەتی هێزی بەرپرسیار نییە. ئەمە لە کاتێکدا کە پارتی حکومڕانییەکی بەرپرسیارانەی کردووە، کە پارتی مەلەفی ئەمنی لەبەردەستدایە ئەوا کوردستان لە دۆخێکی ئارامدایە، لە رووی دیپلۆماسیەتەوە کە پارتی ئیدارەی ئەم مەلەفەشی کردووە، بە رابەرایەتیی سەرۆك بارزانی، پێگەی کوردستان ئەوەندە هەڵکشا کە زۆربەی وڵاتان وەکو دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان کردووە. کاتێکیش کوردستان رووبەرووی پیلانگێڕی بۆوە و هەوڵدرا ئەم هەرێمە گۆشەگیر بکرێت، ئەوا پارتی بوو کە بە سیاسەتی دروستی خۆی توانی ئەم دەرگا داخراوانە بکاتەوە.

**هەندێک لایەن هەن کە کاتێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت، خۆیان لێدەکەنە خاوەن، کاتیکیش دۆخەکە بەرەو خراپی دەڕوات، هەموو دەکشێنەوە و ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی پارتی، ئەوەش راکردنە لە بەرپرسیارێتی و نیشانەی ئەوەیە لە حوکمڕانی تێنەگەیشتوون.**

**کە پارتی حکومڕانییەکی بەرپرسیارانەی کردووە، کە پارتی مەلەفی ئەمنی لەبەردەستدایە ئەوا کوردستان لە دۆخێکی ئارامدایە**

# (زۆرینەی سیاسی) لە کەرکووک شکست دێنێت

## کێشەکانیش تەنیا بەپێی ماددەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێن

کێشەی سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیش لە پارێزگای کەرکووك خاڵی ناکۆکین لە نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دیارە زۆربەی ئەو کێشانەش بە هۆی هەندێ فاکتەرەوەو سەریان هەڵداوە، رەوشی ئێستاو دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەگەڵ پێش ئەو رێککەوتە جیاوازە، بە هەر حاڵ ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق من گەشبینم کە ئەو کێشانە بەرەو چارەسەر دەچن، بەتایبەتیش بە رێگەی دیالۆگ و لێکگەیشتنی هاوبەش لە نێوان هەولێرو بەغدا، دۆسیەی کەرکووك تا رادەیەکی زۆر ئاڵۆزە و تەنیا ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەتوانێت زۆر لەو کێشانە یەکلایی بکاتەوەو ناکۆکییەکان چارەسەربکات، کەواتە سەرئەنجام کێشەکان لە زۆر لایەنەوە سیاسین و پێویستیان بە تێڕوانین و لێکگەیشتن و هەڵوێستی جددی هەیە، چونکە بە تاکلایەنە ناتوانرێت ئەوەی مەبەستەو بەرژەوەندیی هەموو لایەکی تێدایە بێتەدی، بۆیە من پێموایە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی تازە ئەو بابەتانە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

سەدان ساڵە لە کەرکووك کوردو عەرەب و تورکمان و کلدوئاشوور بە یەکەوە دەژین، ئەوەی من ئاگام لێی بێت و خەڵکەکەش گەواهی ئەوە دەدەن کە هیچ کێشەیەکی ئیتنی، یان رەگەزخوازی لەنێوان ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەدا لە ئارادا نییە، ئەگەر سەیری مێژووی ئەو شارە بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە پێکهاتەکانی کەرکووك ئاشتییانەو برایانە ژیانیان بەسەردەبەن و پەیوەندیی بەهێزی کۆمەڵایەتی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەو شارە قوربانی زۆری داوەو هەمیشە هەوڵی داوە پارێزگاری لە ناسنامەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی خۆی بکات.

هەموو ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا هەن، گشتگیرو فراوانن، دەبێ هەردوو لا پابەندی دەستووری هەمیشەیی عێراق بن، چونکە هەر دەستوورە دەتوانێت کێشەی بودجەو نەوت یەکلایی بکاتەوە، لە ماوەی رابردوودا هەندێ یاسا خرانە بەردەم پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، بەڵام لەئێستاد پەکخراون، لەوانە (یاسای نەوت و غاز)، ئەگەر ئەو یاسایە دەرچێت و بڕیاری لێ بدرێت، کێشەی بودجەی هەرێمی کوردستانی پێ چارەسەر دەکرێت، چونکە هەناردەکردنی نەوت توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقیش چارەسەر دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەم یاسایە ئاسانکارییەکی زۆر دەستەبەر دەکات بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت و هەماهەنگیکردن لە نێوان هەولێرو بەغدا دابین دەکرێت.

بە هەوڵ و قوربانیدانی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە سوپاو حەشدی شەعبی و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانرا تا رادەیەکی زۆر خەونی چەپەڵی تیرۆریستانی داعش لەگۆڕ بنرێت، ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەی کە بە درێژایی سێ ساڵ زیانێکی زۆری بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە گەیاند کە پەلاماری دابوون و خستبوونیە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، هەر چەندە لێرەو لەوێ هێشتا پاشماوەی ئەو تیرۆریستانە ماون و رۆژانە دەستدرێژی دەکەنە سەر هەندێ بنکەو بارەگای هێزە عێراقییەکان، یان هەڵدەکوتنە سەر گوندەکانی دەوروبەری کەرکووك، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوانە شکستیان هێناوەو ناتوانن جارێکی دیکە حوکمڕانیی ئەو ناوچانە بکەن و خەڵکەکە بە کوشت بدەن، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی بە یەکجاری بیری پەڕگیری و توندوتیژی لەنێو ئەو خەڵکەدا نەهێڵین و بنبڕی بکەین پێویستە لە رێی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو سازکردنی کۆنگرەو کۆڕو سیمینار، هەروەها خول بۆ خەڵکەکە بکەینەوە، لە هەمووشی گرنگتر دەستەبەرکردنی هەلی کارە بۆ ئەو کەسانەی کە لەئێستادا بێکارن، هەروەها لەسەر حکومەت پێویستە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە لەو ناوچانە دەست پێبکاتەوە کە بەر شاڵاوی تێکدان و

**ئەگەر بمانەوێت لە رووی ئەمنییەوە عێراق بپارێزین و نەهێڵین جارێکی دیکە هێزی شەڕخوازان و تیرۆریستان پەلاماری شارو شارۆچکەکانمان بدەن، ئەوا پێویستە بە هەوڵی جددیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ هەماهەنگیی تەواو لە نێوان پێشمەرگە لەگەڵ سوپاو حەشدی شەعبی بێنینەئاراوەو دامەزراوەی ئەمنیی عێراق بەهێزتر بکەین**



ریاز دانوک*

بۆ گوڵانی نووسیوە

کاولکاریی ڕێکخراوی داعش کەوتوون، ئەمە ویڕای دابینکردنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك لە کارەباو ئاو و تەندروستی و پەروەردە و چاندنی تۆوی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکاندا، تاکو جارێکی دیکە متمانە بگەڕێتەوە نێوان دەسەڵات و جەماوەر.

لای هەمووان ئاشکرایە کە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر جۆرە ئاڵۆزی و گرژییەك لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپا و حەشدی شەعبی سەری هەڵدا، دیارە ئەمە جێگەی داخە کە ڕووداوی لەم شێوەی بەدوادا هات، من پێموایە کە لە ئایندەدا جۆرە هەماهەنگییەکی پتەو لەنێوان ئەو سێ هێزە دێتەئاراوە، هێزی پێشمەرگەش بەپێی دەستووری عێراق بەشێکە لە دامەزراوەی بەرگریی عێراقی، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی ئەمنییەوە عێراق بپارێزین و نەهێڵین جارێکی دیکە هێزی شەڕخوازان و تیرۆریستان پەلاماری شارو شارۆچکەکانمان بدەن، ئەوا پێویستە بە هەوڵی جددیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ هەماهەنگیی تەواو لە نێوان پێشمەرگە لەگەڵ سوپاو حەشدی شەعبی بێنینەئاراوەو دامەزراوەی ئەمنیی عێراق بەهێزتر بکەین.

ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەی کە عێراق تێی کەوتووە، مایەی تێڕامان و وردبوونەوەیە، لە ڕووی سیاسییەوە عێراق چ لە ناوخۆ، یان لە دەوروبەرەوە تا ئێستا بەرگی عافییەت و سەقامگیریی تەواوی نەپۆشیوە، چونکە خودی عێراق لەسەر ئاستی ناوچەکەو ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا زۆر گرنگەو ناکرێ گۆشەگیربکرێت، لەبەر ئەوەی هەم خۆی ناتوانێت لە دنیای دەرەوە دابڕێت و هەمیش دەوڵەتانی دیکەش بێ عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە ناتوانن لە پەیوەندییەکانیان بەردەوام نەبن، بۆیە لەئێستادا عێراق گەمەکارێکی گرنگی هاوکێشەی سیاسییە لە ناوچەکەدا.

دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ڕەوشێکی تایبەت لە عێراق دروست دەبێت و کوتلە سیاسییە سەرەکییەکان لە ڕێی تەوافوقەوە حکومەتێکی تازە پێکدەهێنن، لەم ڕوانگەوە دۆسیەی کەرکووك، بە تایبەتیش ئەنجومەنی پارێزگا گرنگیی خۆی دەبێت، ئەم ئەنجومەنە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە شارەکەو کارا دەبێت و چالاکییەکانی دەست پێدەکاتەوە، لە ڕاستیدا لەو ماوەی ڕابردوودا خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لەم پارێزگایە بەپێی پێویست نین، دەبێ هەڵمەتێکی تازەی ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبردنێکی چاك بێتە ئاراوەو متمانەی نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بە حکومەتی خۆجێیەتی و ئەنجومەنی پارێزگا بە گوڕو تینێکی دیکەوە جێگیربکرێتەوە.

سیاسەتی زۆرینەی سیاسی لە عێراق بە هیچ شێوەیەك سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، عێراق لە چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی تێدایە، هەر هەنگاوێکی سیاسی بۆ ئێستاو ئایندەی ئەو وڵاتە پێویستیی بە سازان و لێکگەیشتن هەیە، بەتایبەتیش هەموو ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمانی عێراقەوە دەردەچن، دەبێ ڕەزامەندیی هەموو فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانیان لەسەر بێت، چونکە بەرژەوەندیی گشتیی هەموو ئەو پێکهاتانە لەپێشەوەی هەموو هەنگاو و ڕێکارێکدایە، بۆیە ئەزموونی زۆرینەی سیاسی هەڵەیە و شکست دێنێت، ئەمە بۆ کەرکووکیش بە هەمان شێوەیە، ئەگەر بمانەوێت لەو پارێزگایەدا ئەزموونێکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو پەیڕەو بکەین، ئەوا دەبێ ڕەچاوی هەلومەرجی تایبەتی کەرکووك بکەین، چونکە بە سازان و ڕێککەوتنی عەرەب و کوردو تورکمان و کلدوئاشوور و ئایینزایەکان دەتوانین نموونەی حکومەتێکی بەتوانا نیشان بدەین کە ئامانجی سەرەکی تەنیا چەسپاندنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێت و گیانی لێبوردەیی و دۆستایەتیی بەهێز ببووژێنێتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە پێشکەشکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێت بۆ دانیشتووانی ئەم شارە بێ جیاوازی، بەوەش گەشبینم ئەم ئامانجە لە کاتێکی نزیکدا لە پارێزگای کەرکووك دێتەدی.

**دۆسیەی کەرکووک تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزە و تەنیا ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەتوانێت زۆر لەو کێشانە یەکلایی بکاتەوەو ناکۆکییەکان چارەسەربکات، کەواتە سەرئەنجام کێشەکان لە زۆر لایەنەوە سیاسین و پێویستیان بە تێڕوانین و لێکگەیشتن و هەڵوێستی جددی هەیە**

*** ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك**

ماکس ئەبرامز
پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# پێشبینی دەکرێت هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەکانی ئێران لە ناو سوریا روو لە هەڵکشان بکات

**ماکس ئەبرامز، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆرس ئیستێرن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی تیرۆریزم دەدات، بە شێوەیەکی دیاریکراو کار لەسەر پاڵنەر و ئاکامەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم دەکات. بۆ قسەکردنی لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ تاوتوێکردنی هۆکار و دەرهاویشتەکانی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**



*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین راوبۆچوونتان چییە لەبارەی بڕیارەکەی سەرۆك ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران؟ هۆکار و پاڵنەرەکانی چی بوون و ئایا دەکرێت ئاماژە بە گرنگترین ئەو کەموکوڕییانە بکەن کە لە نێو ئەو ڕێککەوتنەدا بوون و بوونە هۆی ئەوەی ئیدارەی ترەمپ لێی بکشێتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە لە بنەڕەتدا من یەکێك نەبووم لە پشتیوانکارە سەرسەختەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، هەروەها کاتێك بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە ئاشکرا کرا- چەندساڵێك بەر لە ئێستا- ئەوا من دووچاری سەرسوڕمان بووم، چونکە دەرکەوت کە بڕگەکانی لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نەبوون. ئەوە بوو رەخنەگرەکان کێشە و گرفتەکانی ڕێککەوتنەکەیان روون کردەوە، یەکێك لە کەموکوڕییەکان دانانی سەقفی زەمەنی بوو- ١٥ ساڵ- بۆ ڕێگریکردن لە پەرەپێدانی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکە، هەروەها بەپێی ڕێککەوتنەکە چاودێریکردن سنووردار بوو و بنکە سەربازییەکانی نەدەگرتەوە، لەوەش زیاتر دەبوو پێشوەختە ئاگادارکردنەوە بدرێت بۆ پشکنینی شوێنەکانی دیکە. لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنە ناوکییەکە نابێتەهۆی سنووردارکردنی پشتیوانیی ئێران بۆ گرووپە میلیشیاکان، یاخود گرووپە تیرۆریستییەکان، بە هەمان شێوە ڕێگری لە پڕۆگرامی پەرەپێدانی توانای مووشەکیی ئێران ناکات، لەبەر ئەوە من پاڵپشت و پشتیوانی ئەو ڕێککەوتنە ناوکییە نەبووم. لەوەش زیاتر، من لەبیرمە لەسەر شەقامەکانی ئێران ئاهەنگیان دەگێڕا، کاتێك ئۆباما رازی بوو بە بێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرێس گفتوگۆ لەسەر بڕگەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران بکات، چونکە رەنگە رای گشتیی ئەمریکا پشتیوانی لەو ڕێککەوتنە نەدەکرد.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە بڕیارەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ چەند دەرهاویشتەی سلبی و ناهەمواری لێدەکەوێتەوە، ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و ئایا گرنگترین ئەو**

**دەرهاویشتانە چین کە پێشبینی دەکرێت بە دوای خۆیدا بیهێنێت؟**

- لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕی و کەلێنانەی لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەم پێکردن، ئەوا پێموایە بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ لەبارەی ئەم ڕێککەوتنە ناوکییەوە بڕیارێکی خراپ بوو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، چونکە دەکرا کار و کۆششی بکردایە بۆ پڕکردنەوە و چارەسەرکردنی کەلینەکانی نێو ڕێککەوتنە ناوکییەکە، ئەوە بوو دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند کە ئێمە لە ڕێککەوتنەکە دەکشێینەوە، دواتر ئەمریکا نەك هەر تەنیا سزا بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت، بەڵکو ڕەنگە سزا بەسەر لایەنەکانی دیکەی نێو ڕێککەوتنە ناوکییەکەشدا بسەپێنێت. مەبەستم ئەوەیە کە پلانێکی ستراتیژی بەربڵاو و پلانی B لە ئارادا نەبوو، بەڵکو ئەمریکا تەنیا کشانەوەی خۆی لە ڕێککەوتنەکە راگەیاند. کەواتە بەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە چەند دەرهاویشتەیەکی سلبی لێبکەوێتەوە. بۆ نموونە پێشتر ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی جیهانی چاودێری بەرەوپێشچوونی پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانی دەکرد، بەڵام ئەگەر ئێران بە تەواوەتی لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، ئەوا چیتر پابەند نابێت بە ڕێککەوتنی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، ئەو کاتەش ئێران بە رەوتێکی خێرا دەتوانێت کار لەسەر پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی بکات و لە راستیدا سەرۆك رۆحانی ئەمەی وەك ئەگەرێکی روون خستەڕوو.

*** ئەی پێتوانییە یەکێکی دیکە لە ئەگەر و دەرهاویشتەکان بریتی بێت لە خراپبوون و تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، بەتایبەتی ئەگەر وڵاتانی ئەوروپی نێو ڕێککەوتنەکە پابەند بن بەو ڕێککەوتنەوە و لێی نەکشێنەوە؟**

- ئەمە راستە، چونکە ڕەنگە دەرئەنجامێکی دیکە ئەوە بێت کە وڵاتە ئەوروپییەکان بەردەوام بن لەسەر پابەندبون بە ڕێککەوتنەکەوە، ئەگەرچی ئەمریکاش پێوەی پابەند نەبێت، ئەمەش بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا، هەرچەندە لە خراپترین حاڵەتدا من ڕوودانی شەڕێکی بازرگانی لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپادا بە دوور دەگرم.

*** باشە ئەم بڕیارەی ترەمپ نابێتەهۆی ئەوەی ئێران پتر دەستی واڵا بێت بۆ چڕکردنەوەی چالاکییەکانی لە سووریادا، چونکە ڕەنگە پێشتر لە ترسی سەپاندنەوەی سزای زیاتر بەسەریدا بە حەزەرەوە هەنگاوی هەڵگرتبێت لە سووریادا، بەڵام ئێستا ئەو سزایانەی بەسەردا سەپێنراوە و ئەویش پاڵنەری ئەوەی نییە سڵ بکاتەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە یەکێك لە دەرئەنجامە راستەوخۆکانی ئەم بڕیارە لە سووریادا بەرجەستە دەبێت. چونکە یەکێك لە رەخنە بەردەوامەکانی ئەو کەسانەی هاوڕا نەبوون لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنەدا بریتی بوو لەوەی ئەم ڕێککەوتنە نەبۆتە هۆی کۆت و بەندکردنی ئێران، بەڵکو ئێران بەردەوام بووە لە چالاکی و کردەوە زیانبەخشەکان لە یەمەن و لە سووریا بەتایبەتی، کە پشتیوانی لە گرووپە میلیشیاکان دەکات، کە هەندێکیان خراونەتە خانەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەك حزبوڵا. ئەگەرچی من باوەڕم وایە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە- بەتایبەتی کە ئەمریکا بەشداری تێدا کرد و لایەنێك بوو تێیدا- خۆی لە خۆیدا ببووە هۆی جڵەوکردنی ئێران بەتایبەتی لە سووریا. ئەمەش لەم چەند رۆژەی رابردوودا پشتڕاست بۆوە، کە بینیمان بۆ یەکەمجار ئێران لە سووریاوە دامەزراوە سەربازییەکانی ئیسرائیلی لە بەرزاییەکانی جۆلان کردە ئامانج. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کاتێك ئەمریکا لایەنێك بوو لە ڕێککەوتنەکە ئێران پاڵنەر و هۆکاری ئەوەی هەبوو کە ڕێگە لە هەڵکشانێکی گەورەی بارودۆخەکە بگرێت، ئەویش بۆ ئەوەی ترەمپ پاشگەز بکاتەوە لە سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. بەڵام ئێستا کە ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەدا نەماوە — و سزای سەپاندۆتەوە بەسەریدا- ئەوا ئێران پاڵنەری ئەوەی بۆ دروست بووە دۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببات.

*** باشە تا چەند ئەم بڕیارە ئیسرائیلی خۆشحاڵ کرد و تا چەند بە سەرکەوتن بۆ ئیسرائیل لەقەڵەم دەدرێت؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئێمە سەرنج لەوە بدەین کە لە سەروەختی راگەیاندنی کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە، دۆناڵد ترەمپ ئاماژەی بە قسەکانی هەفتەیەك پێشتری سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتنیاهو کرد، کە باسی لەوە کرد ئێران بە نیازی پەرەپێدانی چەکی ناوکی بووە. کەوابێت

**پەیامەکەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ نەتنیاهۆ زۆر روون بوو، پەیامی پشتیوانییەکی بەهێزی ئەمریکا بوو بۆ ئیسرائیل لە ناکۆکییەکەیدا لەگەڵ ئێران، پەیامی ئەوە بوو کە ئەمریکا ئامادەیە زانیاری هەواڵگری ئیسرائیل لە دژی ئێران بەکار بهێنێت**

**ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە- بەتایبەتی کە ئەمریکا بەشداری تێدا کرد و لایەنێک بوو تێیدا- خۆی لە خۆیدا ببووە هۆی جڵەوکردنی ئێران لە سووریا بەتایبەتی. ئەمەش لەم چەند رۆژەی رابردوودا پشتڕاست بۆوە، کە بینیمان بۆ یەکەمجار ئێران لە سووریاوە دامەزراوە سەربازییەکانی ئیسرائیلی لە بەرزاییەکانی جۆلان کردە ئامانج**

**ڕێککەوتنە ناوکییەکە نابێتەهۆی سنووردارکردنی پشتیوانیی ئێران بۆ گرووپە میلیشیاکان، یاخود گرووپە تیرۆریستییەکان، بە هەمان شێوە ڕێگری لە پڕۆگرامی پەرەپێدانی توانای مووشەکیی ئێران ناکات**



پەیامەکەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ نەتنیاهۆ زۆر روون بوو، پەیامی پشتیوانییەکی بەهێزی ئەمریکا بوو بۆ ئیسرائیل لە ناکۆکییەکەیدا لەگەڵ ئێران، پەیامی ئەوە بوو کە ئەمریکا ئامادەیە زانیاری هەواڵگری ئیسرائیل لە دژی ئێران بەکار بهێنێت، پەیامی ئەوە بوو کە ئەمریکا رەخنە لە ئیسرائیل ناگرێت کاتێك دۆخەکە لەگەڵ ئێراندا بەرەو هەڵکشان دەبات. ئەوە بوو ئیسرائیل لە وەڵامی هێرشکردنەسەر بەرازییەکانی جۆلان، کاردانەوەیەکی بێ پێشینەی ئەنجامدا بۆ سەر ئامانجەکانی ئێران لە سووریا و ئەمریکاش پشتیوانیی تەواو لەم هەنگاو و بڕیارەی ئیسرائیل دەکات. کەواتە ئەگەر کۆت و بەندێك هەبووبێت لەلایەن ئەمریکاوە لە بەرامبەر ئیسرائیلدا لە پەیوەندی بە هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر دوژمنەکانیەوە، ئەوا لە ئێستادا ئەو کۆت و بەندانە لاواز بوون بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل بە چەشنێك پتەو و بەهێزن کە پێشینەی نییە.

*** باشە هەموو ئەم پێشهاتانە چیمان پێدەڵێن و دەبێت پێشبینی چی بکەین؟**

- من پێموایە کاتێك هەموو ئەم پەرەسەندنانە لەبەرچاو دەگرین، ئەوا پێشبینی هەڵکشانی زیاتری بارودۆخەکە دەکەین لەسەر سنووری باکووری ئیسرائیل، کە رووبەڕووبوونەوەکان شێوەیەکی راستەوخۆ وەردەگرن. ئەوەی لێردا دەبێت لەبەرچاوی بگرین، کاردانەوەی رووسیایە، کە تاوەکو ئێستا رووسیا کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە، ئەگەرچی نابێت بە دڵنیاییەوە لەمە بڕوانین، هەروەك چۆن نابێت ئەگەری ئەوە نادیدە بگرین کە ئەمریکا دەستتێوەردانی راستەوخۆ بکات بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل. من پێموایە شەڕی ساڵی ٢٠٠٦ی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵا، شەڕێکی مەحەلی بوو، مەبەستم ئەوەیە تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵادا بوو و لایەنی دیکەی تێوەنەگلا، بەڵام ئێستا ئێران ئامادەبوونێکی سەربازیی بەهێزی هەیە و لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕدا رەنگە هاوکارییەکی زیاتری حزبوڵا بکات، یاخود راستەوخۆ دەستتێوەردان بکات، هەروەها بۆی هەیە رووسیاش لە بەرژەوەندی ئێران و حزبوڵا دەستتێوەردان بکات-من ناڵێم بە دڵنیاییەوە ئەمە روودەدات، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەگەرێکە و لەئارادایە، کە رەنگە لەو کاتەدا ئەمریکا دەستتێوەردان بکات، کەواتە لە ئێستادا ئەم سنوورە نەك بە تەنیا کێشەیەکی ئیقلیمییە، بەڵکو بۆتە کێشەیەکی راستەقینەی نێودەوڵەتیش.

**ئەمریکا نەک هەر تەنیا سزا بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت، بەڵکو رەنگە سزا بەسەر لایەنەکانی دیکەی نێو رێککەوتنە ناوکییەکەشدا بسەپێنێت**

# ئایا واشنتۆن زیاد لە پێویست تەرکیزی لەسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیە؟

## بۆچی کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا پاشەکشە پێکردنی دەستکەوتە ئیقلیمییەکانی ئێران بکاتە ئەولەوییەت؟

بە کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران، سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ زۆر بە روونی گوزارشتی لە نارازیبوونی خۆی کرد لە ئاست ڕێککەوتنەکەدا و لیستێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی سکاڵاکانی خستەڕوو لەبارەی سیاسەتەکانی ئێرانەوە. بەڵام ڕەنگە گرنگترین پرسیاری بە چارەسەرنەکراوی هێشتبێتەوە: ئایا دەقاودەق سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا چییە؟

بۆ نزیکەی دەیەیەك، کێشەی ئەتۆمی نەیهێشت لەبارەی گرتنەبەری سیاسەتێکی بەرفراوان لە ئاست ئێراندا گفتوگۆیەکی جددی ئەنجام بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران پرسێکی دانەبڕاوە لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، کە پەیوەستە بە خستنەگەڕ و بەکارهێنانی هێزێکی ناتەقلیدی لە دەرەوەی سنوورەکانی. بە هەمان شێوە، نیگەرانییەکانی ئەمریکا لەبارەی هەوڵە ئەتۆمییەکانی ئێران تەنیا پەیوەست نییە بە هەڵوێستێکی مەبدەئییەوە لە دژی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، بەڵکو پەیوەندیدارە بە ناڕەحەتییەکی قووڵەوە لەبارەی کار و کردەوە و ئامانجەکانی ئێرانەوە. ئێستا ئاسانە لەوە تێبگەین کە بۆچی پێش واژۆکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا -زیاتر لە ئیسرائیل نیگەران بوون- لەبارەی سیاسەتە ئیقلمییەکانی ئێران نەك پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی.

یەکێك لە ڕەخنە سەرەکییەکان کە ئاراستەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، باراك ئۆباما، کراوە لەلایەن ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە ڕێککەوتنەکە دەگرت، ئەوە بوو کە ئەم ڕێککەوتنە تەنیا تەرکیزی لەسەر کێشەی ئەتۆمی دەکاتەوە و پرسەکانی دیکە نادیدە دەگرێت و خودی ڕێککەوتنەکەش ئەم تەرکیزکردنەی خستۆتە چوارچێوەیەکی دامەزراوەییەوە، چونکە لەبەرامبەر تەنیا سنووردارکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا سزا هەمەلایەنەکانی لەسەر هەڵگیرا. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە ترەمپ خەریکە هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە، سەرەتا بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستی ڕاستکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، ئێستاش بە پێداگریکردن لەسەر ئەوەی دەبێت ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆ بکرێت.

لە کاتێکدا کە ئەمریکا گفتوگۆی لەبارەی ڕێککەوتنەکەوە دەکرد، ئێران لە سووریا و لە یەمەن و شوێنەکانی دیکە پێشڕەوی دەکرد و تەنیا ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی کەم دەبۆوە. ئەگەری شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل، یان ئێران و سعودیە بە ڕادەیەکی گەورە بەرز بۆتەوە. ئەوەی بە ڕاستی واشنتۆن پێویستی پێیەتی بریتییە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ لە ئاست ئێراندا- نەك تەنیا سیاسەتێکی ئەتۆمی- و بوونی ئیرادەیەك بۆ ئەوەی قۆڵی لێ هەڵماڵێت و دەست بە جێبەجێکردنی بکات.

**نابێت ئەمریکا تەنیا سزا بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، کاتێک هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵکو دەبێت ئاستەنگ و بەربەست دروست بکات بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا ئێران نەتوانێت ئەم کارە بکات**



نووسینی: مایکڵ سینگ

سەرچاوە: گۆڤاری فۆرێن ئەفێرز

## ● ئاڵوگۆڕی گەورە لە سیاسەتی واشنتۆندا

سەرەڕای ئەو مشتومڕە جەمسەرگیرانەی دەکرێت لەنێو شرۆڤەکارە دەرەکییەکاندا لە نێوان گرتنەبەری سیاسەتی گۆڕینی رژێم و ئاشتەواییکردن لەگەڵ ئێراندا، ئەوا دابەشبوونێکی کەمتر هەیە لەنێو بەرپرسەکانی ئەمریکادا. سەرۆکە یەکە لە دوای یەکەکانی ئەمریکا سیاسەتی پاداشت و سزا، بەشدارییپێکردن و فشاردروستکردنیان گرتۆتەبەر لە ئاست ئێراندا. ئیدارەی جۆرج بۆشی کوڕ توندترین فشاری گرتەبەر لە ئاست ئێراندا، بەڵام هەرگیز نەگەیشتە رادەی گرتنەبەری سیاسەتی گۆڕینی رژێم، ئیدارەی ئۆباماش سیاسەتێکی نەرمتری پیادە کرد لەگەڵ سەرکردەکانی ئێراندا، بەڵام هەرگیز سیاسەتی ئاشتەوایی لەگەڵ ئێراندا پەیڕەو نەکرد.

کاتێك سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، ئەوا کەمتر دەرئەنجامی ئایدیۆلۆژیای سەرۆك بووە و پتر رەنگدانەوەی گۆڕانی تێڕوانینی ئەمریکا بووە لە ئاست ئەو هەڕەشانەی کە رووبەڕووی بۆتەوە، لەگەڵ توانای وڵاتەکەی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانە. لە ناوەڕاستی دەیەی رابردووەوە تاوەکو ئێستا، ئەمریکا بە رەوتێکی لەسەرخۆ ئاڵوگۆڕی کردووە، سەرەتا تیرۆریزم و پشتیوانیکردنی دەوڵەتی لە تیرۆریزم بە هەڕەشەیەکی سەرەکی لە قەڵەمدا، دواتر دەوڵەتە گەورە خاوەن چەکە ئەتۆمییەکانی وەك رووسیا و چین بە مایەی نیگەرانی زیاتر دادەنا و پاشان ستراتیژیەتی درێژخایەنی بەرەنگاربوونەوەی یاخیگەری بە مایەی دوورکەوتنەوە لە ئەولەوییاتەکانی هەژمارکرد. هەروەها ئەمریکا زیاتر بە گومانەوە لە تواناکانی خۆی دەڕوانیێ بۆ گرتنەئەستۆی هەندێ ئەرکی وەك گۆڕینی رژێم و بنیادنانی نەتەوە و بەرەنگاربوونەوەی یاخیگەری، تەنانەت کاتێك نیگەرانییەکانیش زیادیان کرد لەبارەی توانای دەوڵەتە رکابەرەکانەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەمریکا لە رووی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە.

لەبەر ئەوەی ئەمریکا رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا جێی سەرسوڕمان نییە کە هەر گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی ئەمریکا دەرهاویشتەی بەرفراوانی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئەم ناوچەیە. کاتێك ئەمریکا سەرقاڵی دوورەپەرێزگرتنێکی ستراتیژییە، ئەوا هیچ قەوارەیەکی دیکە نەبووە- ئیدی رێکخراوێکی ناوچەیی بێت، یان هێزێکی دەرەکی بێت- کە ئامادە بێت، یان بتوانێت هەنگاو هەڵبگرێت بۆ گرتنەئەستۆی سەرکردایەتی. دەرئەنجامەکەش ئەوە بوو کە بونیادێکی ئەمنی- کە چەقەکەی واشنتۆن بوو- جێی خۆیدا بە بونیادێکی دیکە کە خەسڵەتەکەی ئەوەیە هێزە ئیقلیمییەکان ململانیێ لەگەڵ یەکدا دەکەن، کە ئەمەش بە زۆری دەرئەنجامی کاولکاری لێدەکەوێتەوە.

**پێچەوانەکردنی ئەم دۆخە پێویستی بەوەیە پێداچوونەوەیەکی قووڵ بکرێتەوە بە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. نابێت ئەمریکا سیاسەتی، یان هیچ یان هەموو بگرێتەبەر کە لە دوای شەڕی عێراقەوە ئەمە سیاسەتە زاڵەکە بووە**

ئەم پشێوییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆخێکی لەباری بۆ ئێران خوڵقاند. لە ساڵی ٢٠١١وە، ئێران دەستڕۆیشتوویی و جێ پێی خۆی لە عێراق، لوبنان، سووریا، یەمەن و شوێنەکانی دیکە بەرفراوان کردووە و بە زۆری ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە کە بەهۆی لاوازیی زۆرێك لە دەوڵەتانی ناوچەکەوە دروست بووە، کە خودی ئێران خۆی دەستی هەیە لەم لاوازکردنەدا و دوورکەوتنەوەی ئەمریکاش یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەم لاوازییە بووە. ئەم نائارامییە ڕەوشێکی لەباری بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتە درێژخایەنەکەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران هێنایەئاراوە، کە ڕۆژگارێکی درێژە تەرکیزی لەسەر دروستکردنی هێزی وەکیل کردۆتەوە لە نێو وڵاتانی دیکە، لەگەڵ پەنابردنەبەر تاکتیکی نابەرامبەر بۆ سەرقاڵکردن و لاسەنگکردنی ڕکابەرکانی. ئێران لە سووریا، هاوبەشێکی ئامادەی بەدی کرد، کە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتینە، کە خودی خۆی هەوڵی بەرفراوانکردنی دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا و سوودوەرگرتن لە دوودڵیی ئەمریکا دەدات. دەرئەنجامەکەش ئەوە بووە ئێران پەرەی بە هێزی ئیقلیمی خۆی داوە، ئەگەرچی باسیش لەوە دەکرێت کە پابەند بووە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە.

ئەو تەحەددییەی ڕووبەڕووی ئەمریکا بۆتەوە لەم چەند ساڵانەی دواییدا ئەوەیە کە دەست لە دوودڵییەکەی هەڵگرێت بۆ ئەوەی پتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیك ببێتەوە بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران کە زیاتر و زیاتر ڕەفتاری توند دەنوێنێت. ئەمە تەنیا پێویستییەکی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی نییە، هەروەك ئەوەی هەندێ جار هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ئەوروپا و ئاسیا مەزەندەی دەکەن، بەڵکو ئەمە پەیوەستە بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە. لە تێڕوانینی ئەمریکادا، کردەوەکانی ئێران نەك تەنیا هەڕەشەن بۆ سەر سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو مەترسیشن بۆ سەر ئازادیی بازرگانی و دەریاوانی لە ڕێگا ئاوییەکانی ناوچەکە و هەروەها ئاسایشی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا.

بەلای ئۆباماوە، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕێگایەك بوو بۆ داخستنی ئەم بازنەیە. ئەگەرچی ڕەخنەگرەکانی ڕێککەوتنەکەیان بەو شێوەیە وەسفکرد کە دەرگای واڵا کردووە بۆ دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام خودی ئۆباما خۆی ئەمەی بە ڕێگایەك دەزانی بۆ کەمکردنەوەی پابەندبوونی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا کاری دەکرد بۆ کەمکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم هەنگاوە لە ڕێی جڵەوکردنی مەترسیدارترین چالاکیی ئێران و خستنەڕووی ئامرازی بەدیلەوە، ئەویش لە ڕێی هەوڵی دیپلۆماتییەوە. بەڵام ترەمپ بە ئاشکرا گوزارشتی لە ناڕەحەتی خۆی کردووە لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و گومانی خۆی دەربڕی لەبارەی بیرۆکەی ئاشتەواییکردن لەگەڵ ئێراندا. لە سەرەتادا، بیری لە سازشکردن کردەوە- بەهێزکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بە بێ ئەوەی دووبارە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، ئەویش لە ڕێی واژۆکردنی پڕۆتۆکۆڵێکەوە لەگەڵ لایەنە هاوڕاکانی نێو ڕێککەوتنەکە لەبارەی ئەوەی چۆن ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت و چۆن ئەو کردەوانەی دیکەی ئێران چارەسەر بکرێن کە ڕێککەوتنە نایانگرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، لە کۆتاییدا، ئیدارەی ترەمپ ئەو هەوڵانەی نادیدەگرت و ڕایگەیاند لەبری گرتنەبەری ئەو کۆششانە، ئەوا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە دەکشێتەوە و دووبارە سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا دەسەپێنێتەوە.

ئەگەرچی ئەم هەنگاوە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیە، بەڵام ئاماژە نییە بە دووبارە پابەندبوونەوەیەکی قووڵی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. هەروەها کاتێك ترەمپ جەخت لەسەر سزاکان و ڕۆڵی گەورەی ئەمریکا لە سیستمی نێودەوڵەتی داراییدا دەکاتەوە، ئەوا ئەمە درێژەدانە بە سیاسەتی واشنتۆن لە ئاست ئێراندا کە بریتییە لەخۆبەدوورگرتن لەو وڵاتە. ئەگەرچی ئیدارەی ترەمپ هەڕەشەی سەپاندنەوەی سزای سەختی کرد بە سەر ئێران و ئەو لایەنانەی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەکەن، بەڵام لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابردوودا هیچ هەنگاوێکی نوێی بەرچاوی هەڵنەگرتووە بۆ بەرگرتن بە تمووحە ئیقلیمییەکانی ئێران. لە ڕاستیدا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ژەنەڕاڵ جۆزێف ڤۆتێل بە کۆنگرێسی ڕاگەیاند کە هیچ فەرمانێکی پێنەکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە سووریادا.

**ئەگەرچی ئیدارەی ترەمپ هەڕەشەی سەپاندنەوەی سزای سەختی کرد بە سەر ئێران و ئەو لایەنانەی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەکەن، بەڵام لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابردوودا هیچ هەنگاوێکی نوێی بەرچاوی هەڵنەگرتووە بۆ بەرگرتن بە تمووحە ئیقلیمییەکانی ئێران**

**لە تێڕوانینی ئەمریکادا، کردەوەکانی ئێران نەک تەنیا هەڕەشەن بۆ سەر سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو مەترسیشن بۆ سەر ئازادیی بازرگانی و دەریاوانی لە ڕێگا ئاوییەکانی ناوچەکە و هەروەها ئاسایشی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا**

**ئەم پشێوییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆخێکی لەباری بۆ ئێران خوڵقاند. لە ساڵی ٢٠١١وە، ئێران دەستڕۆیشتوویی و جێ پێی خۆی لە عێراق، لوبنان، سووریا، یەمەن و شوێنەکانی دیکە بەرفراوان کردووە و بە زۆری ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە کە بەهۆی لاوازیی زۆرێک لە دەوڵەتانی ناوچەکەوە دروست بووە**

## ● کۆتایی و سەرەتا

پێچەوانەکردنی ئەم دۆخە پێویستی بەوەیە پێداچوونەوەیەکی قووڵ بکرێتەوە بە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. نابێت ئەمریکا سیاسەتی، یان هیچ یان هەموو بگرێتەبەر کە لە دوای شەڕی عێراقەوە ئەمە سیاسەتە زاڵەکە بووە، بەڵکو دەبێت بە جددی تاوتوێی ڕێگایەکی مامناوەند بکات کە بایەخدانێکی زیاتر بە تەنگژەکانی ناوچەکە لەخۆبگرێت، بەڵام بێ ئەوەی بە ئەندازەیەکی گەورە خۆی پابەند بکات. لەوەش زیاتر، پێویستە واشنتۆن بەو شێوەیە لە سیاسەتەکەی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕوانێت، کە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئایندەی ستراتیژی لە ئاسیا و ئەوروپادا، کە تیایاندا هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پشت بەو وزەیە دەبەستن کە لە کەنداوی فارسەوە هەناردە دەکرێت و سەرقاڵن بەو هەڕەشە تیرۆریستییانەی لە ناوچەکەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر بەرەنگاری ئێران ببینەوە، پێویستە ئەمریکا قووڵتر لە ئامرازەکانی بەردەستی بڕوانێت و تەنیا لە سزا ئابوورییەکاندا قەتیسیان نەکات. بەڵکو دەبێت بەهێز بکرێن هەم لە ڕووی بەکارهێنانی هێزێکی سەربازیی بچووکەوە، بۆ نموونە، لە ڕێی هێشتنەوەی ژمارەیەکی کەمی سەرباز لە سووریا، هەروەها لە ڕووی بەهێزکردنی هاوپەیمانە مەحەلییەکان و هەڕەشەی بەکارهێناتی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ئێران و وەکیلەکانی جێ پێی خۆیان لە سووریادا قایم بکەن، و هەم لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا. ئەوەی یەکەمیان بە مانای هەڵکشانی بارودۆخەکە دێت و ئەوەی دووەمیان بە مانای ڕازیکردن، یان ڕەوایەتی پێدان بە ڕژێمی ئێران دێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەردووکیان توخمێکی بنەڕەتین لە ستراتیژیەتی بەرپەرچدانەوە. دیپلۆماسیەت پێویستە بۆ خستنەڕووی هێڵی سوور و ڕوونکردنەوەی ئەجێندای ئەمریکا لە ناوچەکە و تێگەیشتن لە ئامانجەکانی ئێران، بەکارهێنانی هێزێکی سەربازی سنوورداریش پێویستە بۆ ئەوەی ئەم هەوڵە میسداقیەتی هەبێت.

لەوەش زیاتر، نابێت ئەمریکا تەنیا سزا بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، کاتێك هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵکو دەبێت ئاستەنگ و بەربەست دروست بکات بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا ئێران نەتوانێت ئەم کارە بکات. ئەمەش دەبێت وامان لێبکات کە ڕێگە نەدەین دەرفەتی ئاسان بۆ ئێران بڕەخسێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات لە ناوچەکەدا، واتە دەبێت کار لەسەر پەرەپێدانی توانای دەوڵەتانی ناوچەکە بکرێت لەبەرامبەر دەستێوەردانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێراندا. هەروەها پەرەپێدانی ڕێکخراوی ئەمنی ئیقلیمی هاوکارییەکی زیاتر دەستەبەر دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لێرەدا تەنیا دەتوانین لەو لێکترازانە بڕوانین کە لە نێو تۆکمەترین گرووپی فرەلایەندا دروست بووە، ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بۆ ئەوەی تێبگەین کە ئێران بە دەگمەن ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی ئیقلیمیی یەکگرتوو دەبێتەوە.

هەموو ئەم کردارانە- بەهێزکردنی هاوپەیمانێتییەکان، پەرەپێدانی ئاوێتەبوونێکی ئیقلیمی، بەکارهێنانی دیپلۆماسیەت و هێز- کاریگەرییەکی زیاتریان دەبێت ئەگەر بێتو بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام بدرێن. ئەمە یەکێك لەو پاساوە سەرەکییانە بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، نەك دەست لێ هەڵگرتنی، کە دەبێت ئەمەش هانی ئیدارەی ترەمپ بدات بۆ ئەوەی بە ڕەوتێکی خێرا دەست بە جموجووڵ بکات بۆ چاککردنەوەی ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە بەهۆی کشانەوەی ئەمریکاوە زیانیان بەرکەوتووە. ئەمەش ئەرکێکی سەخت دەبێت، بەڵام بەدیلەکان- بە تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یاخود پشتگوێخستنیان بە یەکجارەکی- خراپترن.

لەلایەکەوە جێهیشتنی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە ئاماژەیە بە کۆتایی ڕێگایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەمە تەنیا پێشهاتێکی دیکەیە، ئەگەرچی گرنگ و گەورەیە، لە میانەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەیان ساڵە لەگەڵ ئێراندا کە جێی ڕەزامەندییەکی کەمی سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا بووە. سەرکەوتن تەنیا بەوە دەستەبەر نابێت کە پلان دابڕێژیت بۆ دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان و ئومێدی ئەوە بکەیت ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێران بێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ، بەڵکو پێویستی بە ستراتیژیەتێکە کە بە پەلە بەرەنگاری کۆمەڵێك تەحەددی هەڵکشاو و بەرفراوان ببێتەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیانەوە گرفتارە و ئێرانیش ڕۆڵی تێیاندا هەیە.

**لەبەر ئەوەی ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا جێی سەرسوڕمان نییە کە هەر گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ئەمریکا دەرهاویشتەی بەرفراوانی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئەم ناوچەیە**

**ئیدارەی جۆرج بۆشی کوڕ توندترین فشاری گرتەبەر لە ئاست ئێراندا، بەڵام هەرگیز نەگەیشتە ڕاددەی گرتنەبەری سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم، ئیدارەی ئۆباماش سیاسەتێکی نەرمتری پیادە کرد لەگەڵ سەرکردەکانی ئێراندا، بەڵام هەرگیز سیاسەتی ئاشتەوایی لەگەڵ ئێراندا پەیڕەو نەکرد**

**پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران پرسێکی دانەبڕاوە لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، کە پەیوەستە بە خستنەگەڕ و بەکارهێنانی هێزێکی ناتەقلیدی لە دەرەوەی سنوورەکانی**



**وێندی پێرلمان**
**پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# رژێمە خۆسەپێنەکان هۆکاری بنەڕەتیی ناسەقامگیریی سیاسین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**وێنـدی پێرلمـان پرۆفیسـۆره لـه زانكـۆی نۆرسوێسـتێرن، تایبه‌تمه‌نـده لـه سیاسـه‌تی رۆژهه‌ڵاتـی ناوه‌ڕاسـت و پتـر لـه بیسـت ساڵه سـه‌رقاڵی توێژینه‌وه‌یـه لـه جیهانـی عه‌ره‌بی. لـه توێژینه‌وه‌كانیـدا بایـه‌خ بـه سیاسـه‌تی به‌راوردكاریی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و بزووتنـه‌وه كۆمه‌ڵایه‌تییـه‌كان و پرۆسـه‌كانی ناكۆكـی و كاریگه‌ریـی سیاسیی كۆچبـه‌ران و ناكۆكیـی عـه‌ره‌ب و ئیسـرائیل ده‌دات. لـه میانـه‌ی دیمانه‌یه‌كـدا گـوڵان چه‌نـد پرسـێكی له‌گه‌ڵـدا تاوتـوێ كـرد، كـه په‌یوه‌ندیـدار بـوون بـه بارودۆخـی ئێسـتای رۆژهه‌ڵاتـی ناوه‌ڕاسـت و ئـه‌و ناسـه‌قامگیری و نائارامییانـه‌ی لـه ناوچـه‌ی رۆژهه‌ڵاتـی ناوه‌ڕاسـت له‌ئارادایـه. ئه‌ویـش بـه‌م شـێوه‌یه‌ی خـواره‌وه وه‌ڵامـی پرسـیاره‌كانی داینـه‌وه.**

*** وه‌ك كه‌سێكی شاره‌زا لـه كاروباری ناوچـه‌ی رۆژهه‌ڵاتـی ناوه‌ڕاست، پێتانوایـه هـۆكاره ریشـه‌یی و بنه‌ڕه‌تییه‌كانـی ناسـه‌قامگیری و توندوتیژیـی سیاسـی لـه‌م ناوچـه‌یـه‌دا چیـن؟**

- بـه تێڕوانینـی مـن هـۆكاری بنه‌ڕه‌تـی و سـه‌ره‌كی بـۆ ئـه‌م پشـێوی و توندوتیژییـه سیاسـییه‌ی باڵـی به‌سـه‌ر ئـه‌م ناوچه‌یـه‌دا كێشـاوه، بـۆ بوونـی رژێمـه خۆسـه‌پێنه‌كان ده‌گه‌ڕێتـه‌وه، ئـه‌و رژێمانـه‌ی ئامـاده نیـن ده‌سـه‌ڵات له‌گـه‌ڵ هیـچ لایه‌كـی دیكـه‌دا بـه‌ش بكـه‌ن، ئـه‌و رژێمانـه‌ی ئامـاده نیـن ده‌سـتبه‌رداری ده‌سـه‌ڵات بـن و نایانه‌وێـت لـه سـایه‌ی سـه‌روه‌ریی یاسـادا حكومڕانـی بكـه‌ن و خوازیـار نیـن له‌سـه‌ر بنچینـه‌ی ئیـراده‌ی ئـازادی هاووڵاتیـان پرۆسـه‌ی حوكمڕانـی به‌ڕێـوه ببـه‌ن. كه‌واتـه ئـه‌م ململانێـی ده‌سـه‌ڵاته‌یه كه ده‌بێته‌هـۆی دروسـتبوون و سـه‌رهه‌ڵدانی ئـه‌و نائارامـی و ناسـه‌قامگیرییه سیاسـییه‌ی كـه له‌ئارادایـه. ئه‌گـه‌ر ئـه‌و ده‌سـه‌ڵاتدار و حوكمڕانانـه ئامـاده بـن میكانیـزم و رێـكاره دیموكراتییـه‌كان بگرنه‌ده‌ست و ملكه‌چـی ئیـراده‌ی ئـازادی خه‌ڵـك و هاووڵاتیانـی خۆیـان بـن، ئـه‌وا ئاسـت و ئه‌نـدازه‌ی توندوتیژیـی سیاسـیش كـه‌م ده‌بێتـه‌وه.

*** باشـه هه‌نـدێ كـه‌س ئامـاژه بـه‌وه ده‌كـه‌ن كـه ده‌وڵه‌تانـی ئـه‌م ناوچه‌یـه نه‌یانتوانیـوه ئه‌ركه‌كانـی خۆیـان ئـه‌دا بكـه‌ن و بگـره بوونه‌تـه ده‌وڵه‌تـی شكسـتخواردوو، ئایا ئه‌مـه هـۆكاری دروسـتبوونی ئـه‌و هه‌لومه‌رجـه نییـه كـه تێیـدا توندوتیـژی سـه‌رهه‌ڵده‌دات؟**

- لـه راسـتیدا مـن پێـم وایـه هێنـده‌ی مه‌سـه‌له‌كه په‌یوه‌سـته بـه رژێمـه خۆسـه‌پێنه‌كانه‌وه- هـه‌روه‌ك پێشـتر ئامـاژه‌م پێكـرد كـه نایانه‌وێـت ده‌سـت لـه ده‌سـه‌ڵات هه‌ڵبگـرن و رێـگا نـاده‌ن كه‌سـی دیكـه به‌شـداری لـه ده‌سـه‌ڵاتدا بـكات- هێنـده په‌یوه‌ست نییـه بـه شكسـتی ئـه‌م ده‌وڵه‌تانـه‌وه.

*** ئامـاژه‌ت به‌وه‌كـرد كـه ئـه‌م سـه‌ركرده و ده‌سـه‌ڵاتدارانه رێوشـوێنه دیموكراسییه‌كان بگرنه‌بـه‌ر ئـه‌وا ئاسـتی توندوتیژیـش داده‌به‌زێـت، پرسـیاره‌كه ئه‌وه‌یـه بۆچـی سـه‌ره‌ڕای هه‌مـوو هه‌وڵـه‌كان دیموكراسـی لـه‌م وڵاتانـه‌دا به‌رجه‌سـته نایێـت و پیـاده ناكرێـت؟**

- مـن دووبـاره ده‌گه‌ڕێمـه‌وه بـۆ رژێـم و سـه‌ركرده خۆسـه‌پێنه‌كان كـه توانیویانـه درێـژه بـه ده‌سـه‌ڵاتی خۆیـان بـده‌ن، كـه چه‌ندیـن شـێواز و سـتراتیژیه‌تی جیاوازیـان گرتۆته‌بـه‌ر بـۆ پاراسـتن و درێـژه‌دان بـه ده‌سـه‌ڵاتی خۆیـان، هه‌نـدێ جـار سـتراتیژیه‌تی ئاوێته‌كردنیـان پیـاده كـردووه و هه‌نـدێ جاریـش په‌نایـان بردۆته‌بـه‌ر راده‌یه‌كـی گـه‌وره لـه توندوتیـژی و زه‌بروزه‌نـگ بـۆ رێگرلێكـردن و به‌ره‌نگاربوونـه‌وه‌ی به‌رهه‌ڵسـتكاره‌كانیان. شـێوازی كاركردنی ئـه‌م سه‌ركرده و رژێمانه ئه‌وه‌یه كه هـه‌ر كاتێك ده‌سه‌ڵاتیان گرته‌ده‌ست، ئـه‌وا دامـه‌زراوه‌كان بـه چه‌شـنێك داده‌ڕێـژن كـه خزمـه‌ت بـه مانـه‌وه و به‌رده‌وامیـدان بـه ده‌سـه‌ڵاته‌كه‌یان بـكات بـۆ به‌رپێگرتـن و په‌راوێزخسـتنی به‌رهه‌ڵسـتكاره‌كانیان.

*** ئێـوه كارتـان له‌سـه‌ر هـۆكار و ده‌رئه‌نجامه‌كانـی به‌هـاری عه‌ره‌بـی كـردووه، كـه**

**پێشترین سیاسەتی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بریتی بووە لە پشتیوانیکردنی رژێم و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان و هەرگیز بایەخ و گرنگیدانی سەرەکیی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا پەیوەست نەبووە بە برەوپێدان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسییەوە**

**هەروەك دەزانین لە کاتی سەرهەڵدانیدا خەڵکی ئومێد و چاوەڕوانییەکی زۆریان هەبوو بەوەی حکومڕانییەکی باشتر و دۆخێکی لەبارتری پێتەئاراوە، بەڵام هەروەك بینیمان پشێوی و نائومێدی و ناسەقامگیری جێی ئەو هیوا و چاوەڕوانییانەی گرتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا و بە تەواوەتی لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدام، چونکە لە کاتی سەرهەڵدانیدا بەهاری عەرەبی ئاست و ئەندازەیەکی گەورەی ئومێد و گەشبینی هێنایەئاراوە. کە ئێمە بینیمان خەڵکی هاتنەسەر شەقامەکان و داوای حکومڕانیی باشتریان دەکرد، داوای مافەکانی مرۆڤ و بەرپرسیارێتی و ئازادی و دادپەروەرییان دەکرد. بەڵام رژێمە خۆسەپێنەکان جارێکی دیکە ئامادە نەبوون بە گوێرەی رێسا و رێکارە دیموکراتییەکان مومارەسەی دەسەڵات بکەن، واتە سەرەڕای ئەوەی خەڵکی هاتنەسەر شەقامەکان و سەرباری ئەوەی قوربانییان دا، بەڵام ئەو رژێمانە لە پێناوی مانەوە و درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیاندا پەنایان بۆ هەموو ئامرازەکانی بەردەستیان برد، لەنێویاندا پەنابردن بۆ رادەیەکی گەورە و مەترسیداری توندوتیژی.

*** هەروەك دەزانین ئەمریکا کاریگەری و قورساییەکی زۆری هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا چۆن لە سیاسەتی ئەمریکا دەڕوانیت لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟ پێتوایە هۆکارێك بووە بۆ تەشەنەکردنی ناکۆکی و نائارامی، یاخود رۆڵی ئیجابی هەبووە؟**

- ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا هاوکار و یارمەتیدەر نەبووە بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە راستیدا ئەمە بۆ سیاسەتی ئیدارەکانی پێش سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش راستە. چونکە پێشترین سیاسەتی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بریتی بووە لە پشتیوانیکردنی رژێم و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان. واتە هەرگیز بایەخ و گرنگیدانی سەرەکیی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا پەیوەست نەبووە بە برەوپێدان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسییەوە. بە گوزارشتێکی دیکە، هیچ کاتێك پەرەپێدانی دیموکراسی و بایەخدان بە پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا نەبوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. رۆژگارێکی درێژە ئەمە سیاسەتی ئەمریکا بووە و ئێستاش سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هۆکار و هاوکاریی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی ناکەن.


*** ئایا پشتیوانی لەوە دەکەیت کە رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی کار و کۆششی جددی بکەن، یان پابەندبوونێکی درێژخایەنیان هەبێت بە بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکان لەنێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- هەروەك پێشتریش باسم کردووە، ئەم پرسانە نەبوونەتە ئەولەوییەت لای ئیدارەکانی ئەمریکا، بایەخدانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا پەیوەست بووە بە پرسی ئەمنییەوە، بە نەوتەوە، بە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلەوە، بە ئیحتیواکردنی و بەرەنگاربوونەوەی ئێرانەوە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکا نەبووە. بەڵام ئەگەر بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە کە ئایا پێویستە ئەمریکا کار و کۆششی زیاتر بکات بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی؟ ئەوا دەبێت لە وەڵامدا ئەوە دیاری بکەین، ئایا پێویستە دەقاودەق ئەمریکا چی بکات؟ مەبەستم ئەوەیە رەنگە پێویستە ئەمریکا کاری جیاواز لە وڵاتە جیاوازەکاندا بکات لەم پێناوەدا، یاخود لە هەلومەرج و ساتەوەختی جیاوازدا کار و کردەوەی جیاواز بگرێتەبەر. بەڵام ئەگەر پرسیار لە من بکرێت، ئایا پێویستە ئەولەوییەت بۆ باشترکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت بێت؟ ئەوا بەڵێ من پشتیوانی لەم پرس و پرەنسیپانە دەکەم.

*** هەروەك لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان پێکرد رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و پشێوی، ئایا بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران نابێتەهۆی قووڵکردنەوەی زیاتری ئەم نائارامی و پشێوییانە؟**

- لە راستیدا من دوودڵم لەوەی بتوانم هیچ پێشبینییەکم هەبێت لەم رووەوە.

**ئەگەر ئەو دەسەڵاتدار و حوکمڕانانە ئامادە بن میکانیزم و رێکارە دیموکراتییەکان بگرنەدەست و ملکەچی ئیرادەی ئازادی خەڵك و هاووڵاتیانی خۆیان بن، ئەوا ئاست و ئەندازەی توندوتیژیی سیاسیش کەم دەبێتەوە**



**رۆبەرت ئەکسێلرۆد پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سیاسەتی گشتییە لە زانکۆی میشیگان، پێشتریش پرۆفیسۆر بووە لە بەشی زانستی سیاسی لە سکوڵی جێراڵد فۆرد و لە زانکۆی کالیفۆرنیا، هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی سیاسی ئەمریکی بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاکام و دەرهاویشتەکانی بڕیارەکەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

## رۆبەرت ئەکسێلرۆد پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# هاتنەئارای پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ناوکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەرێکی جددییە

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی و ململانێ باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم پشێوی و ناکۆکییانانەدا چییە؟**

- ئەوەی من بتوانم بیڵێم ئەوەیە کە پارسەنگی سیاسەتی ئەمریکا پتر لە بەرژەوەندی ئیسرائیل وعەرەبستانی سعودیەدایە، ئەمە لە کاتێکدا سیاسەتێکی بەرهەڵستکارانە و دژبەرانەیە لە ئاست ئێراندا.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمریکا سەرکەوتوو بووە لە دڵنیاکردنەوەی دۆستەکانی و لە سڵەمێکردنەوەی نەیارەکانی؟**

- نەخێر، من لەگەڵ ئەمەدا هاوڕا نیم.

*** ئەی پێتوایە ئاکام و دەرهاویشتەکانی بڕیارەکەی دۆناڵد بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا چییە؟**

- لە راستیدا پێموایە هێشتا زووە بۆ ئەوەی بتوانین پێشبینی لەبارەی دەرئەنجامەکانیەوە بکەین.

*** بەڵام پێتوانییە ئەم بڕیارە ببێتەهۆی هاتنەئارای پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ئەتۆمی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئێرانیش بڕیاری دا چیتر بەم ڕێککەوتنەوە پابەند نەبێت؟**

- هاتنەئارای پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ناوکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەرێکی جددییە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو تێڕوانینە بێتەئاراوە کە ئێران سەرقاڵی دروستکردنی چەکی ناوکیە و تەنانەت ئەگەر عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی دیکە دڵنیاش نەبن لەوەی ئایا ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوکی دەدات، یان نا.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، وا دەردەکەوێت کە ئەمریکا زۆر پەرۆش نییە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە لەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە سیاسەتێکی واقیعبینانە و ژیرانەیە؟**

- ئەمریکا چەند دەرئەنجامێکی نائومێدکارانەی چنییەوە لە هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە. لەو روانگەیەوە ئەو راستیە روون بۆتەوە کە دەوڵەتە دەرەکییەکان کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی سنوورداریان هەیە لە پەیوەندی بەم پرس و بابەتانەوە.

*** باشە چ پێشبینییەکت بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە؟**

من نامەوێت هیچ مەزندە و پێشبینییەکم هەبێت لەم بارەیەوە.

# سیاسەتی ترمپ لەهەمبەر ئێران
# گران لەسەری دەوەستێ!!

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رایگەیاند کە سزاکانی سەر ئێران جارێکی دیکە دەسەپێنێتەوە، بەمەش رێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ی ئێران- کە بە فەرمی بە کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە ناسراوە- دەچێتە قۆناخێکی تازەو پڕمەترسییەوە. بۆیە ترەمپ پێیوایە کە بڕیاری کشانەوە لە کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە فشاری زیاتر دەخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی لەسەر گرێبەستێکی تازەی فراوانتر رێك بکەوێت، نەك هەر بەرنامە ئەتۆمییەکە بگرێتەوە، بەڵکو تاقیکردنەوەکانی مووشەکە بالیستییەکان و رەفتاری ئیستیفزازی ئیقلیمی و پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤیش بگرێتەوە، ئەوانەی هاوپەیمان و شەریکی ئەمریکان لەو باوەڕەدان کە ئەمە مانۆڕێکی زۆر مەترسیدارەو لەگەڵ لۆژیکی بنەڕەتیی گرێبەستەکە یەك ناگرێتەوە.

ئەم بڕیاری کشانەوەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێران هەموو ئەحکامەکانی جێبەجێ کردووە، بەڵام چارەسەرکردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەکاتە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزو سەخت، چونکە هەڵوێستی توندڕۆکانی وڵات بەهێز دەکات، بە شێوەیەکی فراوانتریش دەبێتە هەڕەشە بۆ جیهان کە لە بەرنامەی تازەو داهێنەرانەی حوکمڕانیی جیهانی و دیپلۆماسیی بێبەشی بکات، لەکاتێکدا کە زۆر پێویستی بەم بەرنامەیە هەیە. سەرباری ئەمەش، ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە هیچ سەرکەوتنێکی لێ نەهاتۆتەدی، ئەمەش بەهۆی چەندین بابەتی دیکەی نائەتۆمی کە پشتگوێی خستوون، بەوەش وەسفی کردووە کە یەکێکە لە خراپترین گرێبەست و زۆرترین لایەنگرییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لایەنگرانی کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە بێ ئەنقەست پشتگیریی ئەمەیان کردووە، بۆ نموونە، بەم دواییە ئیمانۆیل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا داوای کرد کە رێککەوتنەکە بە چەندین رێککەوتنی دیکە تەواو بکرێت، تاکو بوارەکانی دیکەش بگرێتەوە، جا لەبەر ئەوەی ئەو گرێبەستە تا رادەیەك تەواو نەبوو، بۆیە لایەنگران و نەیاران وەك یەك پشکیان لە شکستهێنانیدا هەبوو.

> **ترەمپ پێیوایە کە بڕیاری کشانەوە لە کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە فشاری زیاتر دەخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی لەسەر گرێبەستێکی تازەی فراوانتر رێک بکەوێت**

راستییەکەی ئەوەیە کە کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە نەدەبوو بەهیچ شێوەیەك بۆ تەنیا یەك جار گرێبەست بوایە، لەجیاتی ئەمە، وەك هەنگاوی یەکەم بوایە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی وتووێژەکاندا، زاراوەی (هەمەلایەنە) ئاماژەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایانەی پەیوەستن بە چەکە ئەتۆمییەکان و رێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە دڵنیابوونی گوێڕایەڵی و پابەندبوون، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە ئەم گرێبەستە دەگاتە ئاستی چارەسەری هەمەلایەنە بۆ هەموو ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێراندا.

مەبەست لەم کارنامەیە بە شێوەیەکی تایبەت دوورخستنەوەی کێشەیەکی ئاڵۆزو خێرایە- توانای گەشەکردووی ئێران لە پیتاندنی ئەتۆمیدا- بۆ ماوەیەك لە وتووێژەکاندا، ئەمەش تاکو لە بوارەکانی دیکەدا پێشکەوتن بێتەئاراوە. ئەگەر بە یەکجار وتووێژ لەسەر هەموو کێشەکان بکرێت، ئەوا ناتوانرێت لە کاتێکی گونجاودا بگەنە رێککەوتنێك، چونکە دوای هەموو شتێك، دەبینین کە هەوڵەکانی پێشووی وتووێژ لەگەڵ ئێراندا شکستیان هێناوە، بەتایبەتیش لەسەردەمی ئیدارەی بیل کلنتۆن- چونکە هەوڵی دا زۆر شت دابین بکات، هەروەها چەندین گەندەڵکاریش بوونیان هەبوو.

کارنامەی هاوبەشی هەمەلایەنە پێویستی بە چەند رێککەوتنێکی دیکە دەکرد، ئەوەی کە ناونراوە بەندەکانی ئاوابوونی خۆر کە بەدەق مەبەستی وادەکانی کۆتاییهاتنی سەرجەم مەرجە سەپێندراوەکانی سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانە- کە ئەو بەندانەش



**ئانا پالاسیۆ**

سەرچاوە: سندیکەیت پرۆجێکت

مایـەی گاڵتەجاڕیـی ترەمـپ و نەیارانـی دیکـەی گرێبەسـتەکەیە - زۆر پێویسـت بـوون چونکـە پێویسـتی بـە وتووێـژی زیاتـر دەکـرد.

لەبـەر یـەك هەڵوەشـاندنەوەی سزاکان لـە چوارچێوەی کارنامـەی هاوبەشـی هەمەلایەنـەدا، ئـەم وتووێـژە بـە چاکبوونـی بەردەوامـی بارودۆخـی ئابـووری دێتەئـاراوە کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی قەناعـەت بـە جەمـاوەری ئێـران بـکات کـە سـوودمەند دەبـن لـە پەیڕەوێکـی میانـڕەو و هاریـکار، ئەمـەش سـووربوونی حکومـەت بەهێـز دەکات لەسـەر ئەنجامدانـی چەنـد گرێبەسـتێك دەربـارەی کێشـە و ناکۆکەکانـی دیکـە، بـە پێچەوانـەی ئەگـەری کاریگەریـی کشـانەوەی یەکلایەنـەی ترەمـپ لـە کارنامـەی هاوبەشـی هەمەلایەنـە.

کارنامـەی هاوبەشـی هەمەلایەنـە وەك بـەردی بناخـەی چارەسـەری زیاتـری سەرتاسـەری بـوو، مایـەی سەرسـوڕمان نییـە کـە ترەمـپ نزیکبوونەوەیەکـی هەمەلایەنە بە باش بزانێت، هۆشداریی بەرنامەداڕێژیی ئـەو سـەلماندی کـە (هونەرمەنـدی گرێبەسـت) ئـاگاداری نهێنیـی شـتەکان نییـە، تێڕوانینـی ترەمـپ بـۆ جیهـان مەترسیی زۆر هەڵدەگرێت، بەتایبەتیش بۆ جیهانێـك کـە گۆڕانکاریـی خێـرا بەخۆیـەوە دەبینێـت، لەلایـەك دەسـەڵات گـۆڕاوەو فرەبـوار خـۆی دەنوێنێت کاتـێ گلۆبالیـزم خـراپ بەکاردێـت و دەشـێوێنرێت کـە گومانـی زۆر بـەدوای خۆیـدا دێنێت، لەلایەکی دیکـەوە گەورەتریـن تەحـەددی کـە رووبـەڕووی جیهـان دەبێتـەوە- هـەر لـەو تیـرۆرەی کـە سـنوور دەبەزێنێـت تـا دەگاتـە گۆڕینـی کەشـوهەوا — ناکـرێ دەوڵەتێـك بـە تەنیـا بەرەوڕوویـان ببێتـەوە، چونکـە دواجـار پێویسـتیان بـە چارەسـەری هەمەلایەنـە هەیـە.

لەئێستادا دیارە ئێمە ناتوانین بەتەنیا پشت ببەستین بەو هەیکەلانەی رۆژئـاوا کۆنترۆڵی کـردوون و بوونەتـە هـۆی ئـەوەی کـە سیسـتەمی جیهانـی بەهێزکـردووە و بـە درێژایـی حەفتـا سـاڵی رابـردوو لەسـەر ئـەو پێگانـە دامـەزراوە، لەگـەڵ ئـەوەش کـە پێویسـت نـاکات دەسـتبەرداری ئـەو هەیکەلانـە بیـن، وێـڕای ئەمـەش پێویسـتە ئامـرازی تەواوکاریـی تـازە دابهێنیـن بـۆ ئـەوەی یەکتـر بگریـن و هەلومەرجـی پێویسـت بـۆ هاوکاریـی کارا فەراهـەم بکەیـن.

زۆر جار ئـەم رێکارانـە تایبەتکراو و نەرمـن، لەجیاتـی گرێبەسـتی تەقلیدیـی سـەپێنراو، یـان بەهیـچ شـێوەیەك هەمەلایەنـە نیـن، ئەوانـە دیزاینکـراون و تـا رادەیەکیـش تەرکیزیـان هەیـە بـۆ دانانـی بناخـەی پێشـکەوتنی زیاتـر، بـەم شـێوەیە بریتییـە لـە چەنـد پێکهاتەیەکـی جیـاوازی پرۆسـەیەکی فراوانتـر. دەکـرێ نـاوی لـێ بنرێـت (حومکداریـی وەرگیـراو) لـە مارشـال مکلۆهـان: ئامـراز پەیامـە.

رێککەوتنـی سـاڵی ٢٠١٥ی پاریـس تایبـەت بـە کەشوهەوا، کە ساڵی پار ترەمپ-ی سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لێـی کشـایەوە، نموونەیەکـی ئەمەیـە، کـەس پێـی وا نییـە کـە پابەندبوونـی خۆبەخشـانەو نەرمـە کـە واژۆکاران پێشکەشـیان کـرد، بـەس بێت بۆ دانانـی رادەیـەك بۆ بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمیـی زەوی تاکـو بگاتـە کەمتـر لـە دوو پلـەی سـەدی (٣,٦ پلـەی فەهرەنهایـت) لەسـەر ئاسـتەکانی پێش پیشەسازی، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا گرێبەستەکە بەهـای خـۆی هەیـە، کـە لەئێسـتادا هانـی کارکـردن دەدات، لەکاتێکـدا وەك سـەکۆیەك وایـە بـۆ ئـەوەی لـە ئاینـدەدا پابەندبوونـی زیاتـری لـێ بکەوێتـەوە.

دەبووایە کارنامـەی هاوبەشی هەمەلایەنە کاریگەریی هاوشـێوەی هەبووایـە، کـە ئەمـەش ئاسـانکاریی دەکات و داوای چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکانـی دیکـەی نێـوان ئێـران و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەکات، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بەشـێکی سـەرەکیی ئـەم پرۆسـەیەیە، شکسـتی ترەمـپ لـە تێگەیشـتن لـەم پەیـڕەوە داهێنـراوەدا وەکـو هەوڵێکـی خـراپ وایـە بـۆ ئێـران و جیهـان و ئاینـدەی حوکمڕانیـی جیهانـی.

**ترەمپ دەیەوێ گرێبەستی تازە نەک هەر بەرنامە ئەتۆمییەکە بگرێتەوە، بەڵکو تاقیکردنەوەکانی مووشەکە بالیستییەکان و رەفتاری ئیستیفزازی ئیقلیمی و پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤیش لە ئێران بگرێتەوە**

# منداڵانی ئاوارەی

# کەرکووک و خورماتوو

# خەون بە زێدی خۆیانەوە دەبینن



**ئەگەرچی لە شەڕەکاندا زیاتر پیاوان دەچنە سەنگەر و گیانیان دەبەخشن، بەڵام پریشکی ئاگری شەڕەکە بەر خەڵکی سڤیلیش دەکەوێ و زۆر جار ئافرەتان و منداڵان دەبنە سوتووی تاوانی جەنگەکان و جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆریان گیانیان لەدەست دەدەن، یان بێ سەرپەرشت دەبن، ئەوا زۆربەشیان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵدەکەندرێن و ئاوارە و دەربەدەر دەکرێن، هەرێمی کوردستانیش لە شەڕی تیرۆریستانی داعش، جگە لەوەی هەزاران رۆڵەی شەهید و بریندار بوون، هاوکات نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی عێراقی و سووری لەئامێز گرت، کەچی لە بری دەستخۆشانە، خیانەتی گەورەی ١٦ی ئۆکتۆبەر-یان خولقاند و هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە بە خوێنی گەشی پێشمەرگەی قارەمان ئازاد کرابوون، بە دەیان هەزار هاووڵاتی کوردیان ئاوارە کردەوە. لەم راپۆرتدا بەشێك لە منداڵانی کەرکووك و خوورماتوو باسی ئەو غەدرە دەکەن و خەون و ئاواتەکانیان بۆ خوێنەرانی گوڵان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



لە پشت تەپۆڵکەیەکی دەستکرد سەنگەریان گرتووە و هەر کامیان لقێ دار و لەتە تەنەکەیەکیان لە دەست گرتووە و بە خەیاڵی خۆیان چەك بەدەستن و دژی داگیرکەر لە نەبەردێکی سەختدان. تەمەنیان لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵی تێناپەڕێت، هەرکامیشیان خەون و خولیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە زۆر لە یەکدی جیاوازن. بۆ نموونە: منداڵێك تەنیا داوای مافی خوێندن دەکات، کە بە هۆی ئاوارەبوونەوە لە خوێندن دابڕاوە، منداڵێکی دیکە داوای ئۆتۆمبیلێك دەکات کە بە باتری کار بکات و حەزی گەمەکردنی بشکێنێ، ئەوەی دیکەیان دڵی بۆ زێدەکەی تەنگ بووە و ئاواتی ئەوەیە بۆ شارەکەی بگەڕێتەوە و بە دیداری هاوڕێیانی شاد ببێتەوە، هەشیانە حەزی لە وەرزشە و پێیوایە بە هونەری جەنگاوەریی (کۆنگ فۆ) دەتوانێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی هەموویانی لەو سەنگەرەدا کۆ کردووەتەوە، فەرماندەیەکە و بە هاوار پرسیار دەکات: کێ مەردە؟ هەموو پێکەوە، بەحیماسەوە دەڵێن: من. دیسان فەرماندە هاوار دەکات و دەپرسێت: کێ نامەردە؟ ئەمجارەش بەرزتر هاوار دەکەن و دەڵێن: خاکفرۆش..

**ئێمە بە بۆنەی جاشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاوارە بووین و ماڵ و قوتابخانەی خۆمان بەجێ هێشت، بۆیە هەرگیز لێیان خۆش نابین**

ئەوە دیمەنێك بوو لە ژمارەیەك منداڵ و نەوجەوانی کورد کە لەگەڵ دایك و باوکیان لە (کەرکووك و دوزخورماتوو)ی خۆیان دابڕاون و لە گەڕەکی (سەری بڵند)ی هەولێر گیرساونەتەوە، ئەو هەولێرە پایتەختەی کە خاکفرۆشانی مێژووی رەش و تاریکی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەنیاز بوون، ئەو پەنادەرەش نەهێڵن و بیخەنە ژێر پێی پۆستاڵی داگیرکەرانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی کە تەنانەت ئەوەیان لەبەر چاو نەگرت کە سەرلەبەری وڵاتە کاولەکەیان لە سەر دەستی کورد بونیاد نرایەوە.

**هیچم ناوێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە بمانگەڕێننەوە بۆ شاری خۆمان بۆ ئەوەی بتوانم منیش وەک هاوڕێکانم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم**

ئەسما عەدنان شوکر، کچێکی تەمەن ١٠ ساڵانی خەڵکی دوزخورماتوو-ە و ئەگەرچی لە دوورەوە سەیری کوڕە هاوتەمەنەکانی دەکات کە سەنگەریان گرتووە، بەڵام دڵی بەوە خۆشە کە منداڵەکان پێکەوە لە یەك سەنگەردان و دژی یەکدی شەڕ ناکەن. ئەو دەڵێت: «ئێمە

**مامۆستاکانی هەولێر زۆر لەگەڵمان باشن، زۆریش موراعاتمان دەکەن، بەڵام هەمیشە دڵم لە لای مامۆستاکانمە لە دووزخورماتوو، زۆریش بیریان دەکەم. هیوادارم دووبارە بیانبینمەوە**

**من زۆر زیرەک بووم لە خوێندن، بەڵام زۆر بەداخەوە ساڵێک لە خوێندن دواکەوتووم، زۆر بیری قوتابخانە و هاوڕێکانم دەکەم و هیوادارم بتوانم قەرەبووی بکەمەوە**

هەموومان شاری خۆمان خۆش دەوێت و حەز ناکەین هەر ئاوارە بین و هیوادارم بۆ شاری خۆمان بگەڕینەوە.»

هێمن حەسەن عەلی، تەمەنی ١٥ ساڵە و خەڵکی خورماتووە. ئەو وەك فەرماندەیەك سەرقاڵی ڕێکخستنی منداڵەکان بوو، فێری دەکردن چۆن سەنگەر بگرن و لوولەی چەکە (دارین و تەنەکەییەکان)یان لە کوێ بکەن. ئەو فەرماندە بچووکە بە جۆرێك لە تووڕەییەوە دەڵێت: «ئێمە بە بۆنەی جاشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاوارە بووین و ماڵ و قوتابخانەی خۆمان بەجێ هێشت، بۆیە هەرگیز لێیان خۆش نابین.»

مووسا کەمال جەبار، هاوتەمەنی هێمنە و خەڵکی کەرکووکە، وەك خۆی باسیکرد، ئەویش یەکێکە لەو سەدان منداڵە ئاوارەی کە لە خوێندن دابڕاون. بۆیە بە نیگەرانییەوە گوتی: «من هیچم ناوێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە بمانگەڕێننەوە بۆ شاری خۆمان بۆ ئەوەی بتوانم منیش وەك هاوڕێکانم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم.»

ژمارەیەك لە منداڵەکان لە قوتابخانەکانی گەڕەکی (قەڵاتی نوێ) لە هەولێر وەرگیراون و لەوێ دەخوێنن. لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەوە دەکەنەوە کە خوێندنی ئەمساڵیان باش نەبووە و بە هۆی دابڕان لە خوێندن، کەم کەسیان سەرکەوتوو دەبن.

ئەوەتا ئیسماعیل سۆران حەبیب -ی تەمەن ١٣ ساڵە دەڵێت: «من زۆر زیرەک بووم لە خوێندن، بەڵام زۆر بەداخەوە ساڵێک لە خوێندن دواکەوتووم، زۆر بیری قوتابخانە و هاوڕێکانم دەکەم و هیوادارم بتوانم قەرەبووی بکەمەوە.»

ئاکام ئیکرام عەلی، وەک ئیسماعیل خەڵکی دوزخورماتووەو تەمەنی ١٤ ساڵە و وەک خۆی باسیکرد، قوتابیی پۆلی هەشتە و لە قوتابخانەیەکی هەولێرە، بەڵام دڵی لە لای مامۆستاکانی شارەکەیەتی و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «مامۆستاکانی هەولێر زۆر لەگەڵمان باشن، زۆریش موراعاتمان دەکەن، بەڵام هەمیشە دڵم لە لای مامۆستاکانمە لە دووزخورماتوو، زۆریش بیریان دەکەم. هیوادارم دووبارە بیانبینمەوە.»

محەمەد جومعە ڕەشید، تەمەنی ١٣ ساڵە و پۆلی شەشە، ئەو بەوە دڵخۆشە کە لە ئاوارەییش ژمارەیەک لە هاوڕێ و هاوشاریی خۆی لەگەڵە، بەڵام پێی وایە دەبێت زۆر بەهێز بن، بۆیە دەڵێت: «زۆرم حەز لە یاریی (کۆنگ فۆ)یە، بۆ ئەوەی بەهێز



بم و بتوانم بەرگری لە وڵاتەکەم بکەم. ئێستاش مامۆستایەکمان هەیە و بە بێ پارە فێرمان دەکات، بۆیە زۆر سوپاسی دەکەین.»

هەموو منداڵەکان کاتێک زانییان وێنە، وتە و داواکارییان لە گۆڤاری گوڵان بڵاودەکرێتەوە، زۆر دڵخۆش بوون، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە لە خوار تەمەنی ٧ساڵان بوون و پێیانوابوو، ئەگەر داوای شتێک بکەن، ئەوا بەرپرسان بەپەلە بۆیان دابین دەکەن.

ئەیوب محەمەد محەمەد، ئەنەس ڕێبوار عەلی و ئەحمەد عەدنان شکور-ی تەمن ٥ساڵ و دانا حەسەن عەلی تەمەن ٦ساڵ تەنیا داواکارییان «سەیارەی بە کۆنترۆڵ» بوو، بۆ ئەوەی خۆیان گوتەنی گەمەی پێ بکەن.

هەندێ لەو منداڵانەش کاتێک پرسیاریان لێ دەکەیت کە حەزت لە چییە، لە وەڵامدا دەڵێن: «هەموو شت.» ئەوەتا فریاد فەرهاد تالب- ی تەمەن ٩ ساڵ دەڵێت: حەزم لە هەموو شتە، لە هەموو ئەو شتانەی کە منداڵانی تر هەیانە.»

ژمارەیەک لە منداڵەکانیش ئامادە نەبوون قسە بکەن، بەڵام زۆر پێداگرییان دەکرد کە ناویان بنووسرێت. لەوانەیە ئەوان مێژوو بە قەرداری خۆیان بزانن و حەز بکەن ئەو غەدرەی لە سەر دەستی خاکفرۆشانی کوردزمان لێیان کراوە، تۆمار بکرێت، بۆیە ڕیپۆرتەرەکەی گۆڤاری گوڵان بەڵێنی پێدان ناوەکانیان بڵاو بکاتەوە. ئەوەش ناوی ئەو چاوگەشانەیە:

زریان محەمەد محەمەد پۆلی سێ تەمەن ٩ ساڵ.

هەڵۆ حەسەن عەلی پۆلی نۆ تەمەن ١٥ ساڵ.

پێشڕەو ڕێبوار عەلی پۆلی نۆ تەمەن ١٥ ساڵ.

ڕەوشت ڕێبوار عەلی پۆلی پێنج تەمەن ١١ ساڵ.

ئەحمەد محەمەد مەحموود پۆلی هەشت تەمەن ١٤ ساڵ.

بەڵێن فەرهاد پۆلی چوار تەمەن ١١ ساڵ.

بەرزان کاروان ڕەحیم پۆلی دوو تەمەن ٩ ساڵ.

ژمارەیەک لەو منداڵانەش کە باوکیان سەردانی شارە داگیرکراوەکەیان دەکات، نەیانویست ناویان بڵاو بکرێتەوە.

**زۆرم حەز لە یاریی (کۆنگ فۆ)یە، بۆ ئەوەی بەهێز بم و بتوانم بەرگری لە وڵاتەکەم بکەم. ئێستاش مامۆستایەکمان هەیە و بە بێ پارە فێرمان دەکات، بۆیە زۆر سوپاسی دەکەین**

**هەمووومان شاری خۆمان خۆش دەوێت و حەز ناکەین هەر ئاوارە بین و هیواداریین بۆ شاری خۆمان بگەڕێینەوە**



# هەتا گواستنەوەی گشتیمان نەبێت، ژینگەمان پارێزراو نابێت

لە دیداری نێوان وەزیرانی ژینگەو کۆمپانیا ژاپۆنییەکان لەساڵی (٢٠٠٤)دا، دکتۆر (واتانابی هیرۆیۆکی) بەڕێوەبەری کارگێڕی لە کۆمپانیای (تۆیۆتا)ی ژاپۆنم بینی، ئەو دەیگوت: «ئێمە لە ژاپۆن لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێکدا بە دوای چارەسەردا دەگەڕێین، پێش دەرکردنی هەر یاسایەك، نەك هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی کتوپڕ لە ساتەوەختی ڕەگداکوتانی گرفتەکە لە زەمینەی واقیعدا.»

ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان شەقامەکانمان پڕبوون لە هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل کە هەریەکەیان لە شوێنێکی دنیادا دروستکراون، بەڵام وەك جەخت دەکەینەوە لەسەر ساڵی دروستکردن و مۆدیلی ساڵانەی هۆکارەکانی گواستنەوە، گرنگیشە جەخت بکەینەوە لە سەر شوێنی هاتن و دروستکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانە، چونکە ئۆتۆمبێلەکانی (ژاپۆن) بۆ نموونە و بەپێی زانیاری، باشترین جۆرن لە ڕووی پاکڕاگرتنی ژینگە و پیس نەکردنی هەواوە، ئەوان غازەکانی ئەگزۆزیان بەردەوام کەمکردۆتەوەو، پلانیان بەرەو ئەوەیە کە ئۆتۆمبێلەکانیان لە دواجاردا بە ئۆتۆمبێلی ژینگە ناو بنرێن. بۆیە لەم بوارەدا زۆر گرنگە کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم لە کاتی مۆرکردنی گرێبەستەکانی هاوردەکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەدا، پێوەرە ژینگەییەکان لەبەرچاو بگرن، بەمەش زەمینەیەکی لەبار دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئاسانتر یاساکانی پاراستنی ژینگە جێبەجێ بکرێن.

ماوەیەکە ژمارەی ئۆتۆمۆبێل لە هەرێمی کوردستاندا یەك ملیۆنی تێپەڕاندووە، ئیدی جێگەی خۆیەتی هەڵوەستەیەکی ورد لە بارەی قەیرانی هاتوچۆوە بکرێت، کە ئەمڕۆ بۆتە یەکێك لە دیاردە نەخوازراوەکانی نێو کۆمەڵگە.

گواستنەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشکەوتنی زیاتر هەنگاو دەنێت، بە جۆرێك ساڵانە درێژیی ڕێگەوبانەکان زیاتر دەبن ء شەقامی نوێ دروست دەکرێتء، هۆکاری گواستنەوەی زیاتریش دروست دەکرێت، یان هاوردە دەکرێن. لە ئاستی جیهانیشدا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو ژمارەی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ دوو ئەوەندە زیادیان کردووەو، بە جۆرێك لە هەندێك وڵاتدا زیاتر لە نیوەی دانیشتووان هەریەکەو هۆکارێکی گواستنەوەی خۆیانیان هەیە. دیارە ئەمەش وەك کاریگەریی پۆزەتیفی هەیە بۆ گواستنەوەی خێراو کارئاسانی و بە یەك گەیاندنی خەڵك، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی بەکاربردنی بڕێکی زۆری دەرامەتە ژینگەییەکان، وەك بەکارهێنانی زەوی بۆ ڕێگەوبانء بەکاربردنی بڕێکی زۆری وزەی ئاو و هەواو بەنزین ء گاز بۆ ئەم مەبەستە، لە ئەنجامیشدا پیسبوونی هەوا بە گازەکانی ئۆکسیدی کاربۆن ء نایترۆجین ء هایدرۆکاربۆنەکانء، گەردی تۆز و خۆڵ ء، ژاوە ژاو.

جا بە مەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکانء، ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ژینگەو پەرەپێدانەدا، پێویستە لیژنەکانی گواستنەوە و گەیاندن و



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

پیشەسازیی پەرلەمان ئاگاداری بڕیارەکانی بواری گواستنەوە بن بە مەبەستی:

١- بایەخدانی زیاتر بە هۆکاری گواستنەوەی گشتی، لە ڕێگەی چاککردنی هێڵەکانء بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی تازە و قەبارە مامناوەندی ء هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی تایبەت.

٢- هەوڵدان بۆ بایەخدان بە ڕێگەوبانەکانی ناوخۆی شارەکان ء دەرەوەو، چاککردنی ڕێگەوبانەکان بە جۆرێك کە جووڵەی هۆکارەکانی گواستنەوە ئاسانتر بکات و، ڕێگەوبانەکانیش لە قەرەباڵغی ء خنکانی هاتوچۆ ڕزگار بکات.

٣- هاریکاریکردن لەگەڵ زانکۆکان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ چاککردنی جۆرەکانی بەنزین ء گاز و، چاککردنی مەکینەکان بە جۆرێك کەمترین بڕی ماددەی زیانبەخش بخەنە دەرەوە، نزمترین ئاستی دەنگیش دەربکەن بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژاوەژاو.

٤- هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی سووتەمەنی وەك ئیسانۆل، یان کارکردن بە کارەبا، یان غازی شل لە زۆر هۆکاری گواستنەوەدا کە زۆرێك لە وڵاتان ئێستا کاری پێدەکەن.

هەروەها پەرلەمانتاران لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە پرسی گواستنەوە، گرنگە ئاگاداری زانینی ئەو بارودۆخە بن کە یاساو ڕێنمایی تێدا لەدایك دەبێت، چونکە وەك بە ئەزموون دەرکەوتووە: یاسایەك کە لە نێو بیرکردنەوە لە گرفتێکدا دێتەئاراوە، جیایە لە یاسایەك کە لە کاتی بیرکردنەوە لە چارەسەر لەدایك دەبێت

٥- دوورخستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتووان لە فڕۆکەخانەکانء ڕەچاوکردنی کاریگەریی ئەم خاڵە لە ماستەرپلانی شارەکاندا و کارکردن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بواری فڕۆکەوانی.

٦- کارکردن لەسەر چەمکی گواستنەوەی بەردەوام و پارێزراو، چونکە سیستمی گواستنەوە کاریگەریی زۆری لەسەر ژینگە هەیە، بۆیە ئێمە پێویستیمان بە تێگەیشتن هەیە لە چەمکی گواستنەوەی بەردەوام، یان پارێزراو.

مەبەست لە چەمکی گواستنەوەی بەردەوام، یان پارێزراو، وەك بەشێك لە گەشەپێدانی بەردەوام، بەپێی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی ئەورووپا بۆ گواستنەوە پێویستە ئەم سیفەتانە لە خۆ بگرێت:

یەکەم: ئاسانکاری بۆ گەیاندنێکی ئارام و سەلامەت بکات و، لەگەڵ تەندروستیی مرۆڤ و ژینگە تەبا بێت.

دووەم: بە نرخێکی گونجاو بێت و، بە توانایەکی باش کار بکات و، پابەند بێت بە کاتەکانی هاتن و چوونەوە.

سێیەم: زیاتر لە جۆرێکی هۆکاری گواستنەوە دابین بکات.

چوارەم: گازە زیانبەخشەکان و ژاوەژاوی کەم بێت، تا بکرێت کارەبایی و وزەی نوێبووەوە و پاك بەکار بێنێت.